Şarkiyat İLMİ ARAŞTIRMALAR DERGİSİ
JOURNAL OF ORIENTAL SCIENTIFIC RESEARCH (JOSR)
**Cilt/Volume:** 13, **Sayı/Issue:** 2 (Ağustos/August 2021)

# فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

**Hemin Omar Ahmad**
Hemin.ahmad@soran.edu.iq/Heminahmad40@gmail.com

**Article Types / Makale Türü**
Research Article / Araştırma Makalesi

**Received / Makale Geliş Tarihi**
03/06/2021

**Accepted / Kabul Tarihi**
28/08/2021

https://doi.org/10.26791/sarkiat.947658

# فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناوی (فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا)، هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی مێژوو و ڕاستکردنەوەی هەندێ لایەنی مێژوویی، لە ڕێی ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکی شاعیر، ڕۆشنبیر و سەرکردەیەکی هۆزی هەمەوەند، کە تا ئێستا ئەو زانیارییە کەمەی لەبارەیەوە زانراوە، تەنیا لە ڕێی بەرهەمەکانی و ئەو مێژووە زارەکییە بووە کە دەماودەم گێڕدراوەتەوە، ئەویش کەسایەتی و شاعیری سەدەی نۆزدە؛ فەقێ قادری هەمەوەندە. لە ئەرشیفی عوسمانیدا چەندین بەڵگەنامە تایبەت بە هۆزی هەمەوەند هەن، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە فەقێ قادری هەمەوەند و جوڵانەوەکانی و هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی لە سەردەمی ئەودا هەبووە لە سەرۆکایەتیکردنی هۆزەکەی و پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی، لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێی ئەو بەڵگەنامانەوە کۆمەڵێك زانیاریی تازە باس کراون، کە لە پاڵ شاعیربوونەکەی فەقێ قادر، بەشێك لە ژیانی و چالاکییەکانی بۆ جاری یەکەم لێرەدا خراونەتە ڕوو. لەوانە چوونی چەند جارەی فەقێ قادر بۆ ئێران و گەڕانەوەی بۆ زێدەکەی و دانوستانی لەگەڵ عوسمانییەکان و باسکردنی فەقێ قادر و جوڵانەوەکەی لە ڕۆژنامەکانی بن دەسەڵاتی عوسمانی، هەروەها باسکردنی دیبلۆماسیەتی فەقێ قادر کە ڕاستەوخۆ داوای بەڵێن لە بابی عالیی عوسمانی دەکات نەك دەسەڵاتدارانی ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەشدا زیندانی کردنی فەقێ قادر لە موسڵ و پاشان گواستنەوەی هەمەوەندەکان بۆ دووری زێدی خۆیان و فرۆشتنی زەوییەکانیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە.

**وشەی کلیلی:** فەقێ قادری هەمەوەند، هۆزی هەمەوەند، بەڵگەنامەکانی عوسمانی، دەوڵەتی عوسمانی، چەمچەماڵ

# FEQÊ QADİRÎ HEMEWEND IN THE OTTOMAN ARCHİVES

## ABSTRACT

This study which is entitled as “Feqê Qadirî Hemewend in the Ottoman archives” is an attempt to re-write, correct and clarify some historical aspects through bringing into focus a Hemewend poet, an intellectual, and a tribal leader known as Feqê Qadirî Hemewend about whom very little is known until now and this kind of information has usually been in the form of oral history. In the Ottoman archives, there are many documents about Hemewend tribes, particularly about Feqê Qadirî Hemewend, his movements, the events of his time, and problems that took place in his era, varying from his leadership to his relations with Ottoman officials. In this study, through various documents new information is obtained and for the first time some new aspects of his life and activities are introduced to the public, including his frequent visit to Iran and return to his hometown as well as his negotiation with the Ottomans. Through utilizing the documents, it also mentions Feqê Qadir and his movements in journals published under the control of Ottomans, in addition to Feqê Qadir’s deplomatic character when he directly asks the promise from the Porte not from the other authories. The research also reveals how he (Feqê Qadir) was imprisoned in Mosul and how the Hamawand tribes were transferred, exiled, and Ottomans sold out their prprties.

**Keywords:** Feqê Qadirî Hemewend, The Hemewend Tribe, Ottoman Archives, The Ottoman State, Çemçemal.

## پێشەکی

کورد وەك نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی، هۆز و تیرەی جۆربەجۆری هەیە، وێڕای ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافیایەکەی بەدرێژایی مێژوو ڕەنگە بەربەستێکی گەورە بووبێ بۆ بوونی بە قەوارەیەکی سەربەخۆ شان بەشانی وڵاتانی دراوسێی، بەڵام نەریتی هۆز و خێڵ لەنێویدا وای کردووە لانی کەم بەشێك لە ناسنامەی خۆی بپارێزێ و تاڕادەی نیمچە قەوارە لەبەردەم ڕەشەبای هێزی دیکەدا لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە. بۆیە ئەگەر ئەو نەریتەی کورد لە چاویلکەی ئێستاوە جۆرێك لە بەجێمان و دواکەوتنی پێوە دیار بێ، کە لە ڕەوڕەوەی شارستانی و پێشکەوتندا وەدواکەوتبێ، ئەوا لە زۆر لایەنی دیکەی کولتوورییەوە دەوڵەمەندێتی خۆی لەدەست نەداوە. ئەم فرەڕەنگییەی هۆز و تیرە و زار و شێوەزارەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لەپاڵ ئەو سەرنجڕاکێشییەی هەیەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندیشی لەنێو خۆیدا حەواندۆتەوە، کە تۆمارنەکردن و نەنووسینەوەی بە باش و خراپییەوە لەپاڵ مێژووی گشتیی نەتەوەکەدا کێماسییەکە قەت داخی لە دڵی ویژدانی نیشتماندا ناچێتەدەر و هەر ئەو بەجێمانەشە وای کردووە کە هەمیشە لەنێو دەلاقەی مێژووی نووسراوی خۆماندا دەستمان خاڵی بێ، بەڵام هیوا هەر هەیە لانی کەم ئەو کەرەستە و سامانەی مێژوومان لە هەناوی ئەرشیڤی نەتەوەکانی ترەوە بهێنرێنەوە.

مێژووی میرانی کورد و ئەمارەتەکانیان، شەڕ و تێکهەڵچوونەکانیان لەگەڵ یەکتر و دەرەوەی خۆیان، هۆکارەکانی گەشە و کزبوونیان و تا ڕووخاندنیان و نەمانیان، زۆر بەکەمیی نووسراوەتەوە. تەنانەت دوای نەمانی ئەو میرانەش، کە پێشتر هۆز و خێڵەکان لەنێو ئەو میرایەتییانە کەمتر دەنگ و ڕەنگیان هەبوو، بۆیە قۆناغی دوای میرایەتی، قۆناغی بچووککردنەوەی قەوارەی کوردە لە چوارچێوەی هۆز و تیرەکاندا و پاشان ململانێی خێڵەکانە بۆ زیاتر مانەوەیان و خورتکردنی پێوەندیی لەگەڵ هێزی سەردەست، کە هەر دوو دەوڵەتی زلهێزی قاجاری و عوسمانی بوون. هەر لەبەر ئەوەشە زۆرترین بەڵگەنامە لە ئەرشیڤی ئەو دوو دەوڵەتە سەبارەت بە هۆزەکانی کورد و بارودۆخی سیاسیی ئەوسای کوردستان دەست دەکەون، چونکە نەك هەر زۆرترین دەستوەردانیان لە کاروباری ئەو خێڵانە کردووە کە پێکهاتەی کوردستانی ئەوسایان لەسەر دامەزرابوو، بەڵکو گەلێك جاریش بە پەنگرکێشی پلان و زیرەکییان خەریکی ئاگرخۆشکردنیش بوون، جا لە سنووری هەردوو وڵاتدا چ بە بای ئەملا، یان بە بارانی ئەولا، لە بەفریان کەم دەکردەوە کە بەفری هەردوو لایش هەر کورد بوون.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی مێژوو و ڕاستکردنەوەی هەندێ لایەنی مێژوویی، لە ڕێی ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکی شاعیر، ڕۆشنبیر و سەرکردەیەکی سەردەمی خۆی، کە تا ئێستا ئەو زانیارییە کەمەی لەبارەیەوە زانراوە، تەنیا لە ڕێی بەرهەمەکانی و ئەو مێژووە زارەکییە بووە کە دەماودەم گێڕدراوەتەوە، ئەویش کەسایەتی و شاعیری سەدەی نۆزدە؛ فەقێ قادری هەمەوەندە. باسکردن لە ژیانی ئەو و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەشێکی ژیانی، پەیوەستە بە هۆزەکەی و ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە بە ژیانی خۆی و هۆزەکەیەوە گرێ دراوە. بۆیەشە زۆر جار بۆ نووسینەوەی مێژووی قۆناغێکی دیاریکراو پێویستمان بە ساغکردنەوەی مێژووی ژیانی هەندێ لە کەسایەتییەکانە، بەتایبەت ئەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵی گەورەیان لە ژیانی خۆیان و دەوروبەرەکەیان گێڕاوە و دواتر لە چوارچێوەی مێژووی نەتەوەیەکدا نەقشیان دیار و بەرچاو بووە.

نووسینەوەی مێژووی تیرە و هۆزەکانی کورد لە ڕێی مێژووی زارەکییەوە، هەوڵێکی زۆر بایەخدارە، بەتایبەتیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێ کار لەو بارەوە کراوە، کە ئەمە لە بارێکدا ڕۆژێك هەر دێت ببێتە بناغە و سەرچاوەیەکی بەکەڵك بۆ نووسینەوەی مێژووی خاك و نەتەوە. لەمەش گرنگتر دەستگەیشتنە بە زانیاریی گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان، کە ئەگەر جار جار بەنادروستی و بەمەبەستیش مێژووەکەیان نووسیبێتەوە، بەڵام لە ئاکامدا هەر بۆ نەتەوەیەکی هەژار لە نووسینەوەی مێژوودا، دەبێتە کۆڵەگەیەکی باش و گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بۆ مێژووەکەی. لەم دووانەش گرنگتر و یان بەواتایەکی تر پاڵپشتی سەرەکیی بۆ ئەو دووانە بریتییە لە؛ بەڵگەنامەی وڵاتان سەبارەت بە کورد، کە تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو کورد نەیتوانیوە وەك گەلانی دونیا لە ڕێی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و ئەرشیڤخانەکانی دونیا جارێکی تر مێژووی خۆی بنووسێتەوە و یان بەشێك لە هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە. لەم ڕووەوە هەر دوو ئەرشیڤخانەی عوسمانی و ئێرانی بۆ مێژووی سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەی کورد گەنجینە و دەریایەکی بێ بنن و ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە سوودیان لێ وەربگیرێ، کورد دەتوانێ مێژووی خۆی لەو ڕێگەیەوە بەباشی بنووسێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە نایەوێ وێنەی فەقێ قادر وەك شاعیر نیشان بدات، ئەوەندەی تیشك دەخاتە سەر بزاڤ و جوڵە و چالاکییەکانی، بەتایبەتی لە چوارچێوەی زیاتر لە سی ساڵ تەمەنی لە ڕابەرایەتیکردنی هۆزەکەیدا و بەرەنگاربوونەوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری و ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتوون. ئەمانە وێڕای ئەوەی بەشێکن لە مێژووی باسنەکراوی ئەو کەسایەتییە کوردە، لە لایەکی تر دەبێتە پاڵپشتیش بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی هەندێ لە دەقە شیعرییەکانی ناوبراو. ئەگەرچی ئەو بەڵگەنامانەی لەم توێژینەوەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، بەشێکن لەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە فەقێ قادر لە ئەرشیڤی عوسمانی، دڵنیاشین کە هەر ئەوەندە نین، بەڵکو هی تریشی بەدوادا دێ، بەتایبەتی نەتوانراوە ئەو هەزاران بەڵگەنامەیەی کە لەسەر هۆزی هەمەوەندە

هەموویان بخوێنرێنەوە، لە کاتێکدا بەشێك لەو بەڵگەنامانە کەم تا زۆر بە فەقێ قادر وەك سەرۆکی هۆزەکە و ئەو ڕووداوانەی ئەو ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، پێوەندیدارن.

لە لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵمان داوە بە زمانێکی سادە لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانەوە تیشك بخەینە سەر لایەنە نەزانراو، یان کەم زانراوەکانی ژیانی فەقێ قادر و ئەو ڕۆڵە سیاسییەی لە سەرۆکایەتیکردنی هۆزەکەیدا بینیویەتی، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جاران بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاریی نێو بەڵگەنامەکان پشت بە سەرچاوەی دیکە بەستراوە، چ مێژووی زارەکیی یان بەرهەمی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسەکان. تا خوێنەر بە چاوی هەردووکیانەوە لە مێژووی فەقێ قادر و هۆزەکەی بڕوانێ و دواتر شێواز و مامەڵەیانی زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە..

بۆ باشتر تێگەیشتن لە بەڵگەنامەکاندا ئەم چەند هەنگاوانەمان پەیڕەو کردووە:

١-لەبەر ئەوەی زیاتر لە سەدە و نیوێك بەسەر بەڵگەنامەکان تێپەڕیوە، وەرگێڕانی هەندێ لە ڕستە و دەربڕینەکان ئاسان نەبوو، بەتایبەتی ئەو پێشەکییە پەسنئامێزانەی کە بۆ پادشا و والییەکان نێردراون، هەوڵمان داوە بە زمانێکی سادەی کوردیی دابڕێژین کە نزیك لە شێوازی ڕەوانبێژیئامێزی دەقە فارسی و تورکییەکان بێت.

٢-بەشێك لە بەڵگەنامەکان ساڵیان لەسەر نەنووسرابوو، کە ئەمە گرفتی گەورەی بۆ دروست کردین، ئێمە چ لە ڕێی مێژووی دۆسیەکە، یان لە ڕێی ڕووداوەکانی نێو بەڵگەنامەکەدا، هەوڵمان داوە لە مێژووی ڕاستەقینەی خۆی نزیکی بکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو مێژووە کۆچی و ڕۆمییانەی کە لە بەڵگەنامەکەدا هاتوون، ڕاستەوخۆ لە تەنیشتی یان لە پەراوێزەکەیدا لەگەڵ مێژووی میلادی بەرامبەرمان کردوون و میلادییەکەشمان بۆ زیادکردووە.

٣-بەشێك لە ناوی ئەو کەسایەتییانەی کە لە بەڵگەنامەکاندا ناویان هاتوون، بەگوێرەی توانا هەوڵمان داوە کورتە ژیانیان لە پەراوێز بنووسین و لەنێو بەشی توێژینەوەکەشدا ئەگەر پێویستیی بە زانیاریی تر هەبووبێ کە خزمەت بە حاڵەتی توێژینەوەکە بکات، ئەوا زانیاریی سەرچاوەی ترمان ڕەگەڵ خستووە.

٤-بەشێك لەو دەربڕین و زاراوانەی ئەوسای عوسمانیمان وەك خۆی داناوەتەوە، بەتایبەتی هەندێکیان بۆ ئەوەی تام و بۆنی شێوازی کۆن بگەیەنن و هەندێکیشیان بوونەتە تێکەڵ و زاراوە و وەرگێڕانیان ئەستەمە، بۆیە بەشێکیان لە ڕێی فەرهەنگەکانی عوسمانییەوە لە پەراوێز پێناسەمان کردوون، کە ئەمە هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی لە ساڵانی دادێ، فەرهەنگی وشە وزاراوەکانی عوسمانییش بەکوردی بنووسرێ و خوێنەریش هەر کات لە توێژینەوەکەدا گرفتی تێگەیشتنی بۆ دروست بوو، ئەوا لە پەراوێزدا بۆی ڕوون کراوەتەوە.

٥-بەشێك لەو بەڵگەنامانەی کە سوودی زۆریان لێ وەرگیراوە، وێنەکەی لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دانراوە لەگەڵ کۆدی ئەرشیفییەکەی. بەڵام لە هەندێك باردا بۆ پاڵپشتیی بۆچوونێك، سوودمان تەنیا لە ڕستەیەکی نێو بەڵگەنامەیەك وەرگرتووە، لەو حەلەدا تەنیا کۆدی بەڵگەنامەکەمان وەك سەرچاوە داناوە و بەپێویستمان نەزانیوە وێنەکەی دابنێین. چونکە تەنیا لەسەر هۆزی هەمەوەند بە هەزاران بەڵگەنامە هەن کە بەشی دەیان بەرگ کتێب دەکەن ئەگەر توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێ.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی خاکەڕایانەیە بۆ خزمەتی شاعیرێکی دیار و بەرچاوی نێو مێژووی ئەدەبی کوردیمان و فووکردنە لە خۆڵەمێشی مێژوومان تا لانی کەم بابەتەکە بوروژێنرێ و لە ڕێی بەڵگەنامەکان و ئەرشیفخانەکانی دونیاوە دەرگا لەسەر شاعیر و کەسایەتی و هۆز و دەڤەری تریش بکرێتەوە و باشتر و زانستیتر مێژوویان ساغ بکرێتەوە و ڕاست بکرێتەوە

## کورتەی ژیانی فەقێ قادر

ئەگەر چی سەبارەت بە ژیانی فەقێ قادر زانیاریی ئەوتۆ لەبەر دەست نین، ئەوەی هەیە لە ڕوانگەی شیعرەکانی خۆیەوە هەڵهێنجراون و ئەوەی تر لە ڕێی بەڵگەنامەکانەوە دەکرێ تاڕادەیەك تیشك بخرێتە سەر بەشێك لە ژیانی. لە ڕێی شیعرەکانییەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە ناوی عەبدولقادر کوڕی ڕەسووڵ جوامێرە و لە تیرەی چەلەبیی نێو هۆزی هەمەوەندە:

ئەگەر مەپەرسان ئێسم موئەللیف

عەبدولقادرەن زەلیل و زەعیف

ئەسڵم هەماوەند، زەلیل و خوارم

مونتەزیر لوتف حەیی دادارم

یان:

عەبدولقادرەن ئیسم و ئەوسافم

نە زەنجیرەی زەنب قەید و ئێنسافم

ئەسڵم هەماوەند فیرقەی چەلەبی

داروون جە ڕەسووڵ جوامێر نەسەبی

شوێن و ساڵی لەدایکبوونیشی بەتەواوی ڕوون نییە، ئەوەندە هەیە لە شیعرێکیدا کە لەخۆبۆتەوە ئاماژەی بەوە داوە کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەدایك بووە، کتێبەکەشی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی نووسیوە، بەو گوێرە بێ ساڵی لەدایکبوونی دەکاتە ١٢٤٧ی کۆچی[1]، کە بەرامبەر (١٨٣١-١٨٣٢)ی میلادی دەوەستێت.

لەبارەی قۆناغەکانی ژیانیشی، ئەگەر چی لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە لە پێشەکیی دیوانەکەدا ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی ژیانی کراوە، بەتایبەتی ئەو ساڵانەی لە بەندیخانەدا بووە. بەڵام ئەم توێژینەوە لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانەوە چەند لایەنێکی دیکەی ژیانی ئاشکرا کردووە و کورتەیەکی لە شێوەی کرۆنۆلۆژیایەکدا لە بەشێکی ئەم توێژینەوەدا دانراوە.

سەبارەت بە ژیانی ئاوارەیی فەقێ قادر و دوورخستنەوەی بۆ کیشوەرێکی دیکە، ئەمەش گەنگەشەی لەسەرە، هەندێك پێیان وایە بۆ بەنغازی (لیبیای ئێستا) دوورخراوەتەوە و هەندێکی تر پێیان وایە لە ئەدەنەی تورکیا کۆچی دوایی کردووە. لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیشدا (تا ئێستا) شتێکی ئەوتۆ لەو بارەوە نەدۆزراوەتەوە. تەنیا بەڵگەنامەیەك هەیە و وای بۆ دەچین کە مەبەست لێی فەقێ قادر بێ، ئەو بەڵگەنامەیەش باس لە شاری (دەرنە)ی لیبیا دەکات، کە عەبدولقادری هەمەوەند لەبەر گوزەرانخراپی خۆی و خانەوادەکەی، داوا لە وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی دەکات یان بیگەڕێننەوە سەر زێدی خۆی و یانیش لە شاری حەلەب نیشتەجێی بکەن. هەروەها لە نووسراوەکەدا دەڵێ: من پازدە ساڵ ئەندامی ئەنجومەنی قەزای چەمچەماڵ بوومە و وەك هەر فەرمانبەرێکی تر موڵك و ماڵم هەبووە و بە بڕی نزیکەی چل هەزار قڕووش خانووێکم لەو شارە دروست کردووە. ماڵەکەم هەمووی دەستی بەسەرداگیراوە و تالان کراوە. خۆم و خانەوادەکەشم بۆ (دەرنە) دوورخراوینەتەوە. ئەو حاڵەش والییەکان پێی دەزانن و نووسراوی ڕەسمیش لای خۆم هەیە و قائیمقامییەتی دەرنەش تەسدیقی کردووە و ئەو گەواهینامەیە درابووە حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخیش. لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە داواکارییەکەی عەبدولقادر بە زمانی فارسی بووە و بەشی وەرگێڕانی بابی عالی پوختەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی، بێ ئەوەی وێنەی دەقە فارسییەکە لەگەڵ دۆسیەکە دابنرێت. مێژووی ناردنی نامەکەی عەبدولقادر بۆ وەزارەتی ناوخۆ ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٠٤ی ڕۆمییە، کە دەکاتە ١٨٨٨/١٢/٣٠ی میلادی[2].

ئەم بەڵگەیە چەند لایەنێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە گرنگترینیان:

١-نامەکە بە زمانی فارسی بووە و ئەم فارسیزانینەش بەڵگەنامەکە زیاتر لە فەقێ قادر نزیك دەکاتەوە و گەواهی فارسیزانینەکەش لە بەرهەمەکانی فەقێ قادر بەڕوونی دەبینرێ.

٢-فەقێ قادر و بنەماڵەکەی و ئەو خەڵکەی هەمەوەند کە لە **بنغازی** و **دەرنە** بوونە، زۆر لە ژیانێکی ناخۆشدا بوونە و ئەوەی هەڵاتووە و گەڕاوەتەوە سەر زێدی خۆی و ئەوەی بە ڕەسمی داوای گەڕانەوەی کردووە، ئەمانە کەم تا زۆر لەنێو بەڵگەنامەکان دەبینرێن.

٣-لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێت کە فەقێ قادر ئەندامی ئەنجومەنی ئیداری قەزای چەمچەماڵ بووە و ئەو ڕاستییەش هەم والییەکانی ناوچەکە دەیزانن و هەمیش کەسایەتییەکی وەك حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخ ئاگادارە.

٤-فەقێ قادر زانیویەتی کە پاش دوورخستنەوەی، موڵك و ماڵەکەشی تاڵان کراوە و دەستی بەسەرداگیراوە.

٥-لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە عەبدولقادر نووسراوێکی بە مۆری خۆی ناردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسراوە فارسییەکە لە دۆسیەکەدا نەبوو، تەنیا لە وەرگێڕانەکە ئاماژە بە مۆری عەبدولقادر کراوە، کە لە بەڵگەنامەی دیکەشدا فەقێ قادر مۆری تایبەتی خۆی هەبووە.

کەواتە دەرکەوت کە فەقێ قادر لەگەڵ بەشێك لە هەمەوەندەکان لە (دەرنە) بووە، ئەگەر چی لەبەر نەبوونی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە، ساڵی کۆچی دوایی تا ئێستا نازانین و ناشزانین ئایا وەك ئەو هەمەوەندانەی لە دەرنە و بنغازی گەڕاونەتەوە ئەدەنە، ئەویشیان لەگەڵە یان نا؟ بەڵام ئەو مێژووەی بۆ کۆچی دوایی لەلایەن هەندێ خەڵکی هەمەوەند و هەندێ توێژەر بە مەزەندە

١ - کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم کۆیان کردووەتەوە و ڕاستیان کردووەتەوە و فەرهەنگۆکیان بۆ ئامادەکردووە، ئامادەکردنەوە و ڕێکخستنەوەی کاروان عوسمان خەیات، بڵاوکراوەی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢١، ل ٥١.

٢ - ٠٠٣٩٢,٠٠٠٤٠,٠٠١.HR.TO

دانراوە، ئێمە پێمان وایە لەو مێژووەدا فەقێ قادر لەژیاندا بووە. چاوەڕوانی دۆزرانەوەی بەڵگەنامەیەکین کە ئەمە بسەلمێنێ، چونکە فەقێ قادر کەسایەتییەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو ڕابەرایەتی جوڵانەوەیەکی کردووە و لەوێش سەرپەرشتی هەمەوەندەکانی کردووە، بۆیە دڵنیاین لەوەی ڕۆژێك دێت لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا زانیاریی لەبارەی دواساڵەکانی ژیانی بدۆزرێتەوە٣.

سەبارەت بە خانەوادەکەی فەقێ قادر، لەنێو بەڵگەنامەکاندا تەنیا باس لە برایەکی دەکرێ، کە لە شوێنی ئەودا کاروباری هۆزەکەی ڕادەپەڕێنێ، بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت. لە لایەکی دیکەوە لە بەڵگەنامەی دیکەدا ناوی (نادر) دێت وەك برای فەقێ قادر کە لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا ئەویش بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕۆڵی خۆی هەبووە.[4]

## ناساندنێکی کورتی هۆزی هەمەوەند

ئەگەر چی تا ئێستا زۆر بەوردی و زانستیی توێژینەوە لەبارەی پێکهاتەی هۆزەکانی کوردستان نەکراوە، بەڵام بەشێکی سەرەکیی سەرچاوەکان بۆ توێژینەوە لەبارەی هۆزەکان بریتین لە سەرنج و ڕاپۆرتی گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئەمەش لەو سۆنگەوەیە کە کورد زۆر بە درەنگییەوە کەم تا زێدە دەستی بە نووسینەوەی مێژووی خۆی کردووە، بۆیە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناس و گەریدەکان کەرەستەی باشن لەپاڵ سەرچاوەکانی تر بۆ ناساندنی هۆزەکانی کوردستان.

هەمەوەندەکان ئەگەر چی چ لە ڕووی ڕووبەر و چ وەك قەبارەی هۆزەکە، بە بەراورد لەگەڵ هۆزەکانی دیکەی کوردستان، گەورە و زۆر نین، بەڵام لەنێو ئەرشیڤی وڵاتانی دەوروبەر و لە چاوی گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسانەوە زۆر کاریگەرن و جێگە و پێگەیەکی تایبەت و دیاریان هەیە. بە تایبەتی لە مەسەلەی بەرگری لەخۆکردن و نەچوونە ژێر باری هەموو فەرمانێکی عوسمانییەکان. تەنانەت لە چاوی ڕۆژهەڵاتناسێکی وەك ئیدمۆنزەوە (هەمەوەند ئەگەر چی لە هۆزە بچوکەکانی باشووری کوردستانن، بەڵام تا ساڵی ١٩٢٥یش لە بەناوبانگترین جەنگاوەرەکان بوون، دەگوترێ ئەوان لە سەدەی هەژدەوە لە ئێرانەوە هاتوون و لە خاکی ئێستایان (کە چەمچەماڵ و بازیانە) نیشتەجێبوونە و شێوەی ئاخاوتنیان لە ئاخاوتنی کرماشان دەچێ. هەر لە سەرەتاوە بوونە پشتیوانی بابانییەکان و شەڕیان لە دژی عوسمانییەکان دەست پێکرد، دوای ڕووخانی ئەمارەتی بابانیش، ئەوانە بوونە بەربەست و دڕکی بەر پێی عوسمانیەکان. هەمەوەندەکان چەند ساڵان لە شوێنی خۆیان دەربەدەر بوونە و شوێنگۆڕییان کردووە، سنووریان دەرباز کردووە و تا قەسری شیرین لە زەهاوەوە چوونە.. هەر دوو حکومەت لە دەستیان پەرێشان بوونە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کوڕە گەورەی ناسرەدین شاری قاجاری وا بە باش دەبینێ کە جوامێر ئاغای هەمەوەند وەك حاکم و دەسەڵاتداری ناوچەی زەهاو دابمەزرێنێ)٥.

هاتنی ئەم هۆزە لە ئێرانەوە، نەك هەر لە چاوی توێژەرە بیانییەکانەوە، بەڵکو لە دیدی نووسەر و توێژەرانی کوردیش پشتڕاستکراوەتەوە. ئەوەتا عەلائەدین سەجادییش ئەمە لە مێژووی زارەکییەوە وەردەگرێ و دەنووسێ:

لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٠٠ی میلادی (خودادەشەل) ناوێك لە عەشرەتی هەمەوەندی دەوروبەری کرماشان بەناوبانگی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵەوە لە هەوارگەی خۆی ئەپەڕێ و بە ناو بانی زەهاودا دێ بۆ بناری پێنجوێن و ئەچێتە دێی هەنگەژاڵە بۆ لای شێخ و ئەبێ بە دەروێشی شێخ ڕەزا و ماوەیەکی پێ ناچێ شێخ لە عەشرەتی تیلەکۆ ژنێکی بۆ دێنێت. خواداد لەم ژنە چوار کوڕی ئەبێ، یادگار، کە پێیان وتووە چەلەبی، ڕەمەزان، ڕەشید، سەفەر. زۆری پێ نەچووە ئەم بەرەبابە لە گوندی هەنگەژاڵەوە بار ئەکەن و ئەچنە دەشتی بازیان و شاری چەمچەماڵ بە ناوی چەمچەماڵی کۆنە شوێنی خۆیان لە دەوری کرماشان و بێستون کە سوڵتاناواشیان پێ وتوە ئاوا ئەکەنەوە و تیایدا دائەنیشن. ئەمانە وردە وردە پەرە ئەستێنن و هەر چوار تیرەکەی هەمەوەند: چەلەبی بەگزادە، ڕەمەوەند، ڕەشەوەند و سەفەرەوەند دروست ئەکەن و ناو و ناوبانگێکی باش لە دەشتی بازیانا پەیدا ئەکەن. تەنانەت ئەفسانەیەك لەناو هەمەوەندەکانا هەیە کە گۆیا لەو سەردەمەدا کە خواداد لە لای شێخ ڕەزای هەنگەژاڵە بووە شەوێك خەوێك ئەبینێ لە خەویا ئاگرێك لەسەر ئەندامی نێرینەی بڵێسە ئەسێنێ و بەر ئەبێتە ئەو شاخ و داخە، هەر چەندە ئەکەن بە کەس ناکوژێتەوە. بەیانی خەوەکەی بۆ شێخ ئەگێڕێتەوە، شێخ پێی ئەڵێ لە نەتەوەی تۆ عەشرەتێکی ئازا و گەورە ئەکەوێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش بووە کە ئەو ژنە تەپلەکۆییەی لێ مارە کردووە.

لە ڕاستیدا عەشرەتی هەمەوەند تاریخێکیان لە لاپەڕەی کوردەواریدا گێڕاوە و بە ئازاترین عەشرەتی کورد بەناوبانگ بوون،

---

٣ - لە بەڵگەنامەیەکدا لەنێو هەمەوەندە دوورخراوەکاندا، خێزانی عەبدولقادر کۆچی دوایی کردووە و داوا کراوە کە ڕۆژانەی منداڵەکانی کە پێشتر دایکی وەریان دەگرت، ئێستا خودی عەبدولقادر وەریبگرێت. ئەم بەڵگەنامەیەش مێژووی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٣١٤ی ڕۆمی بەرامبەر ١٨٩٩/١/٥ی میلادی لەسەرە. ئەگەر لە داهاتوودا ڕوون بوویەوە کە ئەم عەبدولقادرە فەقێ قادرە، ئەوا دەسەلمێنرێ کە لەم مێژووەدا ناوبراو لەژیاندا بووە. ئێمەش چاوەڕێی دۆزرانەوەی بەڵگەنامەی زیاترین لەو بارەوە. بڕوانە: (DH.MKT.٠٠١,٠٠١٠٧,٠٢٤٣٥).

٤ - MHM.MKT{.A.٠٠٣,٠٠٠٦١,٠٠١٧١

٥ - سی. جی. أدمونز، کرد ترك و عرب، ترجمة جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، منشورات الجمل، ط١، ٢٠٠٢ ص ٧٨.

دوو حکومەتەکەی ڕۆم و عەجەمیان گەلێ جار تووشی دەردی سەری کردووە و هەر لە داویشیان دەرنەهاتوون! پیاوی وەکو شەریف هەمەوەند و جوامێر بەگزادە[6] یان لێ هەڵکەوتووە، کە ئەم جوامێرەیان داستانێکی لە حکومەتی ئێرانا هەیە و لەپاشا لە لایەن محەمەد حسێن خان حسام الملکەوە لە ١٨٨٥ بە فێڵ کوژرا. ژنەکانیشان ئازا و تفەنگچی و شۆڕەسوارن. شوێنی دانیشتنی ئەم عەشرەتە بەینی کەرکووك و سولەیمانییە. لای ڕۆژهەڵاتیان ڕووباری باسەڕەیە و لای ڕۆژاوایان قەڵاسێوکە و لای جنوبیان جەباری و لای شیمالیان تاسڵوجەیە.[7]

ئەم ڕۆحی بەڕەنگاریی و لەسەرخۆکردنەوە بۆ سەردەمێك کە دەستەڵاتی عوسمانی لە ترۆپکی هێز و تواناادا بوو، جێگەی هەڵوەستەلەسەرکردن و تێرامانە، بەتایبەتی بۆ شوێنێکی وەك ویلایەتی شارەزوور کە سەدان کیلۆمەتر لە ناوەندی خەلافەتی عوسمانی دوورە، بەڵام لەنێو ئەو ویلایەتەدا هۆزێکی بچوکی وەك هەمەوەند کە بە ژمارە لە هۆزەکانی دەر و دراوسێی زۆر کەمترن، کەچی بێزاریی دەستەڵات لەو هۆزە دەگاتە ئاستی ئەوەی لە ناوچەکە دووریان بخاتەوە و تەنانەت بۆ دوورترین شوێنیان ببات کە بەشێکی بۆ ئەوروپا و بەشێکی بۆ ئەفریقا و هەندێکیشی بۆ ئەو ناوچانەی کە چەقی تورکەکانن بیانسەنگرێنێتەوە.

## فەقێ قادر و جوڵانەوەی هەمەوەندەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا

هەمەوەندەکان بە ڕابەرایەتی فەقێ قادر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەکەونە جوڵە و گرفت و کێشەی زۆریان لەگەڵ دەستەڵاتدارانی عوسمانی دەبێت، بەتایبەتیش دوای نەمانی میرنشینی بابان، تاکە هۆز کە مۆرکی بەرگری و دژایەتیکردنی عوسمانییەکانی بەسەرەوە مابوو، هەمەوەند بوون، ئەم مۆرکەش هەر وا ئاسان دروست نەبووبوو، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان هەمەوەند و میرەکانی باباندا هەبوو، هەر لە پشتیوانی سەربازیی هەمەوەندەکان بۆ میرنشینی بابان، تا کار دەگاتە ئەوەی ئەو متمانە زۆرەی بابانەکان بە هەمەوەندەکان دروست دەبێ و دەیانەوێ بەهۆی خزمایەتییەوە پەیوەندییەکە پتەوتر بێ، بۆیە ئاورەحمان پاشای بابان ژنێکی بابان دەداتە جوامێر خان کە یەك لە سەرۆك و کەسایەتییە دیارەکانی هەمەوەند بووە[8].

ئەگەر چی ئەم پەیوەندییەی نێوان هەمەوەند و بابانەکان هەندێ جار گرژیی تێکەوتووە، کە بە هۆی جیاوازیی مامەڵەی فەرمانڕەواکانی بابان پەیوەندییەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە سەردەمی باوك و برای فەقێ قادردا پەیوەندییەکە لەوپەڕی باشی بووە و دوای ئەوەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و بەتایبەتیش مژوولبوونی دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕی قرم (١٨٥٣/١٠/٥ – ١٨٥٦/٣/٣٠) و نەمانی دەستەڵاتی بابانەکان لەو سەردەمەدا لە ناوچەکە، ئیدی دەرفەتی باشتر ڕەخساوە کە هەمەوەندەکان ناوچەی زیاتر بخەنە بەر دەستی خۆیان و دەستەڵاتیان لە ناوچەکەدا پتەوتر بێ.

لەو نێوانەدا تێکهەڵچوونی زۆر لەنێوان هەمەوەندەکان و عوسمانییەکان ڕوویداوە و هەندێ جار هەمەوەندەکان بەرەو لای زەهاو کشاونەتەوە و لە ناوەندی چەمچەماڵ و دەوروبەری دوورکەوتوونەتەوە. ئەو بەڵگەنامە عوسمانییانەی کە باس لە فەقێ قادر دەکەن زیاتر لەنێوان ساڵانی ١٨٦١-١٨٨٧ ن، واتە سەرەتاکانی ناو و دەنگی فەقێ قادر وەك سەرۆك و ناودارێکی هۆزی هەمەوەند و گەنگەشەکانی لەگەڵ عوسمانییەکان لەو مێژووەدا بەدیار دەکەوێت[9].

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٢٧٧/١/١٣ی کۆچی ]دەکاتە بەرامبەر ١٨٦٠/٨/١ی میلادی[ لەسەر نووسراوە، وا دیارە پێش ئەو ساڵە ڕەوشێکی ناخۆش ڕووی لە ناوچەکە کردووە کە عوسمانییەکانی هەراسان کردووە، هەموو گرفتەکەش بە لای ئەوانەوە هەمەوەندەکانن و دیارە لەو چەند ساڵەی پێش ئەو مێژووە هەمەوەندەکان لە ئیالەتی شارەزوور دوورخراونەتەوە، کە ئەو کاتە شارەزوور ناوەندەکەی شاری کەرکووك بووە و سلێمانیش سەنجاقێکی ئەو ئیالەتە[10] بووە. تەنانەت مێژووی بەرهەڵستیی هەمەوەندەکان و ناکۆکییان لەگەڵ

---

٦ - مەبەست جوامێرخانە.

٧ - عەلادین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٢، ل ٥٤٤-٥٤٦

٨ - بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئەو پەیوەندییە بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی و وەڵاتی، ئامادەکردنی ڕەفیق صالح، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، سلێمانی٢٠٠٥، ل١١٣.

٩ - پێش ئەو مێژووەش بەڵگەنامەی تر سەبارەت بە هەمەوەند هەن، بەڵام تاك و تەران و زیاتر مەترسییەکانیان باس دەکەن، بۆ وێنە لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٢٧٠/٣/٢٥ی کۆچی (بەرامبەر ١٨٥٣/١٢/٢٦ی میلادی) لەسەر نووسراوە باسی زیادکردنی پۆلیس دەکات لە سنجاقی سلێمانی بۆ سەد پۆلیس لەبەر مەترسیی هەمەوەندەکان. وا دیارە ئەو سەردەمە سەرۆکی تایەفەی هەمەوەند وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە ناوی سلێمان بووە. بڕوانە (A.}MKT.NZD ٠٠١٠٥,٠٠٠٦٨,٠٠١)، هەروەها پێنج ساڵ دوای ئەوە لە مێژووی ١٢٧٥/١١/٢٢ی کۆچی لە بەغداوە ڕێنمایی بۆ تەمبێکردنی هەمەوەندەکانی سنجاقی سلێمانی دراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (İ.DH ٠٠٤٣٦).

١٠ - ئیالە، ئیالات: گەورەترین دابەشکارییە لە پەیکەری ئیداری و کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی، خودی دەوڵەت لە ڕووی کارگێڕییەوە دابەشی سەر چەند ئیالەتێك دەکرا، ئیالەتەکانیش دابەشی سەر چەند سنجاق و سنجاقیش دابەشی سەر قەزا و قەزاش دابەشی سەر ناحیەکان و ناحیەش دابەشی سەر گوندەکان دەکران. ئەو کەسەی سەرپەرشتی ئیالەتی دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەرەتا نازناویان میری میران (أمیر الامراء) بوون، پاش سەدەی شەشی میلادی

عوسمانییەکان بۆ دەوروبەری ساڵی ١٧٨٠ی میلادی دەگەڕێتەوە، هەر وەك لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ٧ی شەعبانی ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی لەسەرە (کە دەکاتە ١٨٦١/٢/١٨ی میلادی) ئاماژە بەوە دراوە کە حەفتا هەشتا ساڵ پێشتریش هەمەوەندەکان کێشەیان لەگەڵ عوسمانییەکان هەبووە. (بەگوێرەی فەرمانی١١ جەنابی سەدارەتپەنا کە زانستی ئەو جیهانی گرتووە، عەشیرەتی هەمەوەند کە حەفتا هەشتا ساڵە بوونەتە مایەی خراپی و ڕێگری و چەتەیی و زاتی ئەوەیان کردووە کە ئەمن و ئەمانی خەڵك و هەژارانی سەر بە سەڵتەنەتی سەنییە بشێوێنن و جوڵە و بزاڤی خراپ لە دژی داد و عەدالەتێ بکەن. ئەوانە وەك «کوشتنی خەڵك، تاڵانکردنی سەروەت و سامانی خەڵك، هەتککردنی نامووس و تاوانی جۆربەجۆری وایان کردووە کە هۆشی مرۆڤ ناتوانێ باسیان بکات و زۆر کاری خراپیان کردووە١٢). ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە مێژووی ناکۆکییەکە نیوسەدە پێش لەدایکبوونی فەقێ قادریش هەر لە ئارادا بووە. بەتایبەتی سەردەمی حەمەشەریفی هەمەوەند، کە لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی بابانەکان، ئەو ویستی لە مەیدانەکە شوێنپێی خۆی جێگیر بکات، حکومەتی عوسمانیش دژایەتی خۆی بۆ ئەو و هۆزەکەی ڕاگەیاند، بە جۆرێك (حکومەتی عوسمانیش سستیی لە تاقیبکردن و تەمێکردنیاندا نەدەنواند. ئەگەر چی چەندین جار کەللەسەری دە پازدە پیاویان بە بڕدراوی دەکرا بە نووکی ڕمەوە و لەبەردەم سەرای حکوومەتدا نیشان دەدرا و خەڵك دەیبینی، بەڵام ئەوان پەندیان لەوە وەرنەدەگرت و پێی تەمێ نەدەبوون)١٣. ئیتر دوای ئەمە فەقێ قادر و چەند سەرکردەیەکی دیکە دێنە مەیدان و زیاتر لە چارەگە سەدەیەك سەرکردایەتی تێکهەڵچوونەکانی هەمەوەند لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەکەن.

ئەو بەڵگەنامەیەی کە ئیمزای موشیری سوپای ئامیرە و والیی بەغدای لەسەرە و نامەیەکە بۆ سەدارەتی عوزمای ئەستەنبوڵی ناردووە و تێیدا زۆر بەوردیی بارودۆخی ناوچەکە باس دەکات، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەی کورت بکەینەوە:

یەکەم: عوسمانییەکان و والیی بەغدا پێش ئەو مێژووە ئەستەنبوڵیان لە مەترسییەکانی هەمەوەند لە ناوچەکە ئاگادارکردبۆوە و لەو یادداشتەشدا دووبارە ئەوە بە بیر ئەستەنبوڵ دەهێننەوە، کە پێشتر ئەو هەمەوەندانە دوورخرابوونەوە، بەڵام ئەمجارە نەك هەر مەترسین بۆ سەر ئیالەتی شارەزوور، بەڵکو دزە دەکەنە ناوچەکانی خانەقین، کە سەر بە ئیالەتی بەغدایە « لە عەشیرەتەکانی سنجاقی١٤ سلێمانی، چەتە و یاخییەکانی عەشیرەتی هەمەوەند لەبەر ئەوەی پێشتر لە ئیالەتی شارەزوورەوە دوورخرابوونەوە و بە فیراری هاتوونەتە سنووری قائیمقامییەتی خانەقینی سەر بە ئیالەتی بەغدا. هەر کاتێك دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێت زەرەر و زیان دەدەنە خەڵکی هەژار و ڕێبواران. هەر کاتێکیش دەوریان دەگیرێت هەڵدێن و دەچنە سنووری ئێران. جا بۆ لابردنی ئەو بەڵا و شەڕ و زیانانە، لەو بارەدا لە شێوەی تەگبیر و هەوڵدان، بۆ لایەنی پایەبەرزی بابی عالی١٥ ئەم بابەتە خرابووە ڕوو و نێردرابووە١٦.»

دووەم: پێش ئەو مێژووە دانوستان لەنێوان هەمەوەند و عوسمانییەکان هەبووە، وا دیارە فەقێ قادر بۆ ئەو مەبەستە هێنراوەتە بەغدا، شێوازی هێنانەکە ڕوون نییە، ئاخۆ ئەو کاتە لە زیندانی بەغدا بووە، یان دەخالەتی بە عوسمانییەکان کردووە و هاتووە بۆ

---

بوونە وەزیر، کە ئەمانە نوێنەرایەتی خودی سوڵتانیان دەکرد و هەردوو دەسەڵاتی سەربازی و دەستەڵاتی کارگێڕیی ئیالەتەکەیان لەبن دەست بوو. لە چەند حالەتێکی قەزایی بترازێ، هەموو دەسەڵاتەکانی لەبن دەستی خۆی بوو. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

١١ - فەرمان Ferman: فەرمانی نووسراوی ڕەسمیی سوڵتانە، کە بۆ پرس و کێشەیەك لە بارەگای سوڵتان دەردەچوو. هاوشێوەی ئەم وشەیە لە فەرهەنگی دەوڵەتی عوسمانیدا بریتی بوون لە: نیشان، بەرات، حوکم، مەنشوور، تەوقیع... ئەم فەرمانە بە خەتی دیوانی لە دیوانی هومایۆن دەنووسرا و پوختەکەشی لە تۆماری دیوان تۆماردەکرا. هەندێ جاریش بە دەستخەتی سوڵتان دەنووسرا. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

١٢ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٤_٠٠١

١٣ - مێژووی میرایەتی بابان، حسێن نازم بەگ، وەرگێڕانی حسێن حەسەن کەریم و سدیق ساڵح، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٣، ل ٣٧٠.

١٤ - سنجاق Sancak: واتا زمانییەکەی ئالا و لیوای تایبەتی دەوڵەتە، پاشان لەلایەن سوڵتانەوە تایبەتکرا بۆ والی یان ئەمیر، بە واتای ئەوەی سوڵتان باوەڕی و متمانەی پێ هەیە کە ئەهلی دەستەڵات و حوکمە. پاشان ئەو وشەیە گۆڕانی بەسەردا هات و بە واتای بەشێکی کارگێڕی لە بەشەکانی دەوڵەت دەحەسبێندرا. لە کۆتاییدا لە شوێنی (لیوا)ی عەرەبی بەکاردەهات وەك بەشێکی ئیداری و کارگێڕی.

بەشە کارگێرییەکانیش بەم شێوەیە ڕیزدەکران: ناحیە، قەزا، سنجاق، ویلایەت. لیواش کە سنجاق بوو لە پێنج قەزاوە بۆ پازدە قەزای دەگرتەوە. حاکم یان دەستەڵاتداری سنجاق پێش سەردەمی تەنزیمات واتە ساڵی ١٨٣٩ی زایینی، حاکمێکی سەربازی و مەدەنی بوو، بەڵام دەستی وەرنەدەدا کاروباری قەزا و دادگاوە، دوای سەردەمی تەنزیمات وەك موتەسەریف مامەڵەی دەکرد. دەگوترێت لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانیدا، سنجاق یەکەیەکی سەرەکیی کارگێری بوو، بەو پێیەی دەوڵەت دابەشی سەر چەند سنجاقێك کرابوو، لە سەرووی هەموویانەوە (سنجق بکی) واتە ئەمیری لیوا. بەڵام کە سنووری دەوڵەت فراوان بوو و لیوایەکان زیاتر بوون، دەوڵەت چەند لیوایەکی کردە یەك ویلایەت. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

١٥ - بابی عالی Bab-ı Ali: بارەگای سەرۆك وەزیران، یان بارەگای دەستەڵات بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتان محەمەدی چوارەم لە ساڵی ١٦٥٤ی زایینی دروستی کرد، دواتر بە ناوی ئەو کەسە ناودەنرا کە لێی دادەنیشت، ئەویش وەزیری ئەعزەم بوو. لە سەدەی نۆزدەدا بابی عالی گرنگییەکی گەورەی هەبوو، بەتایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

١٦ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

ئەوەی ئەو گرفتە چارەسەر بکات، بەتایبەت وا دیارە کە ڕەوشی هەمەوەندەکان لە ئاوارەییدا خۆش نەبووە و فەقێ قادر ویستوویەتی خۆی و هۆزەکەی بگەڕێنەوە سەر خاك و زەوی و زارییان. هەڵبەت دەستەڵاتی عوسمانی نەیاری ئەوە بووە کە هەمەوەندەکان بچنەوە زێدی خۆیان و ویستوویانە لە شوێنێکی دووریان نیشتەجێ بکەن، تا لانی کەم مەترسییان لەسەر عوسمانییەکان کەم بێتەوە، لەو ڕووەوە فەقێ قادر چەند جار سووربوونی خۆی لەسەر نیشتەجێبوون لە ناوچەکانی خۆیان دووپات کردۆتەوە. « سەرۆکی عەشیرەتی ناوهاتوو و پێشینەی پێشووتری، لەگەڵ ئەوەی پەشیمانبوونەوەی خۆی ڕاگەیاندبوو کە ئەو عەشیرەتەکەی خۆی زەبت و ڕەبت بکات، بۆیە بە نووسراو چەند جاران داوای عەفوو و ئەمانی کردبوو. لەسەر ئەو داواکارییەدا تەنیا بۆ خودی فەقێ قادری ناوهاتوو لەگەڵ ڕای بەخشینی ئەمانێ، کە پێش ئێستا هێنرابووە بەغدایێ و لە ئەنجامی پرسیاراندا لە پوختەیەکدا وەڵامەکانی کە لە ١٢ بەندان پێکهاتبوو، ئەوەی لێ دەفامرایەوە کە خەڵکی عەشیرەتەکەی لەسەر خاك و ئاوی خۆیان دوورن و لە وڵاتی خۆیان کۆچباربوونە و لە خاکی ئێراندا وەك سەرسەرییان گەشت و گوزار دەکەن، بۆیە ئەوان دەیانەوێت کە ئەو بە عەفوو و ئەمانێ لە شوێنێکی تر نیشتەجێ نەکرێن، بەڵکو بگەڕێندرێنەوە سەر جێگە و هەواری خۆیان[١٧].»

لەو پەرەگرافەی سەرەوە کە لەنێو یادداشتەکە هەڵێنجراوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لەو لێکۆڵینەوەیەی لەگەڵ فەقێ قادر کراوە لە بەغدا، فەقێ قادر دوازدە بەندی نووسیوە و ئەو دوازدە بەندە بنەمای ئەو دانوستانەی نێوان فەقێ قادر و عوسمانییەکان بووە، بۆیە ئەمە کاریگەریی لەسەر والیی بەغداش هەبووە کە ناوبراو ئەوە بۆ ئەستەنبوڵ دەخاتە ڕوو کە باشترین چارەسەر ئەوەیە؛ ئەو هەمەوەندانە بگەڕێنەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان، ئەوەش دەکاتە پاساو کە مانەوەی هەمەوەندەکان لە سنوورەکانی ئێران دەبێتە مایەی زیانگەیاندنی بەردەوام بە عوسمانییەکان و ناوچەکانی بن دەستەڵاتیان.

سێیەم: لە دانوستانەکەدا پەیمان لە فەقێ قادر وەردەگرن کە هەمەوەندەکان بە ئارامیی لە جێگە و ڕێگەی خۆیان دابنیشن، بەڵام ئەو پەیمانە نابێتە جێی دڵنیایی ئیسماعیل پاشا[١٨] ی والیی ئیلایەتی شارەزوور و ئەو پێی وایە کاری چەند ساڵی پێشوویان، وا دەکا کە نەتوانرێ باوەڕ بەوە بهێنرێ کە ئەوان بە ئارامی جارێکی تر دابنیشنەوە. بۆیە والیی شارەزوور پێی باشە نەگەڕێنەوە شارەزوور. وا دیارە فەقێ قادریش ڕازی نەبووە کە لە سنووری ئیالەتی بەغدا نیشتەجێ بکرێن، بۆیە باشترین ڕێگا چارە کە عوسمانییەکان پێیان باش بووە، ئەوە بووە کە ژمارەی سەربازەکانی عوسمانی لە سنووری خانەقین زیاد بکرێن، تا لانی کەم بتوانن زەرەر و زیانی هەمەوەندەکان کەم بکەنەوە. « ڕوونکردنەوەی ئەوان ئەوەیە؛ کە دوای ئەمە بە ڕێز و ئەدەبەوە لە شوێنی خۆیان دابنیشن، لەو بارەدا وێنەی پرسیارنامەی ناوبراو بۆ ئیسماعیل پاشای والیی شارەزوور ڕەوان کرابوو و سەبارەت بەوەش پرسیار لە ڕا و بۆچوونی ئەویش کرابوو. لەو مەزبەتەیەی کە وەك وەڵام نێردرابوو، ئەوەی لێ فامراوەتەوە کە پشت بە بەڵێننامەی عەشیرەتی ناوهاتوو نابەسترێت. لەبەر ئەوەی کە ئەوان چەتە و ئەشقیای[١٩] کۆنن و بە تەمینات و لوتفنواندن لە شوێنی خۆیان ئارام ناسەکنن و ئۆقرەناگرن. بەگوێرەی ئەو چەند کۆنووس و نامانەی ئیالەتی شارەزوور گەڕاندنەوەیان بۆ هەرێمی خۆیان شتێکی باش و سەلامەت نییە. بۆیە ئەو کەسانەی ناڕاوەستن و بەشی هەرە دیاری ئەوان لە ڕێیی مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپاندا و لە تاڵانکردنی ماڵان و کوشتنی خەڵکی لەسەر ڕێگەی بەغدایێ و لە سنووری ئیالەتی شارەزووردا هەن و هەرێمیش هەرێمێکی بەناوبانگە و، بەگوێرەی نیشانەکانی پێشوو گونجاو نییە کە ئەوان بۆ هەواری کۆنی خۆیان بگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەوەیش کە ئەو داوای نیشتەجێی خۆی نەکردووە کە بڕیار وایە لە هەرێمی بەغدا نیشتەجێ بکرێت ئەوەش بۆ تەئدیب و تەمبێ کردنیانە، جا بۆ ئەوەی ئەوان لە سنووری خانەقین چیتر کاری خراپ نەکەن با ژمارەی لەشکری وەزیفەدار کە ماوەیەکە لەوێ وەك زەرووڕەت و پێویستی دەوامیان پێکراوە، بەگوێرەی بار و زرووف زیاد بکرێن، تا هیچ نەبێ زەرەر و زیانی ئەوان نەهێڵن[٢٠].»

چوارەم: کە والیی بەغدا و عوسمانییەکان نیشتەجێبوونی هەمەوەندەکان لە سنووری ئیالەتی بەغدا بە باش دەبینن و پێیان وایە بەو نیشتەجێبوونەیان مەترسیی لەسەر ئیالەتی شارەزوور کەم دەبێتەوە، بۆیە هەمەوەندەکان ناڕەزایەتی دەردەبڕن و لە جاران توندوتیژتر دەبن وەك هەڵوێستنواندنێك دژی ئەو بڕیارە، هەر لەبەر ئەوەشە عوسمانییەکان پێشنیاز دەکەن کە لە سنووری قەرەتەپە،

---

١٧ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

١٨ - پاشا Paşa: وشەی پاشا لە بنەڕەتەوە بە واتای هاتنی مەلیك یان پاشا دێت، پاشان واتایەکەی بۆ خزمەتکار گۆڕدرا، دوای ئەوەش وەك نازناوی حاکم و دەستەڵاتدارانی ویلایەتەکان بەکارهات، ئاخیرەکەشی بووە نازناوێکی تەشریفی لەناو دەوڵەتدا. ئەم وشەیە نازناوێکی عوسمانی بوو بۆ چەند پلەیەکی سەربازی و مەدەنیش بەکاردەهات. دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهات کە پلەکەیان بۆ وەزیر یان میری میران بەرزدەکرایەوە. هەروەها لەناو چینی سەربازیدا بۆ ئەوانەی پلەی ئەمیر لیوا و فەریقیان وەردەگرت بەکاردەهات. هەروەك هەندێ لەو سەرۆك هۆز و شێخانی عەشیرەت کە خاوەن پێگەیەکی مەزن و بەرچاوبوویان ئەو نازناوەیان بەدەست دەهێنا. بڕوانە (سهیل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانیة التاریخیة).

١٩ - ئەشقیا کە کۆی وشەی (شقی)یە، لە فەرهەنگی عوسمانییەکاندا بە کەسانی چەتە، فێڵباز، سووك و چرووك، یاخی، دز، ڕیسوا، بەدکار، پیاوخراپ و ڕێگر دێت. بڕوانە: http://www.osmanlicasozlukler.com/osmanlica-sozluk-madde-٣٧٠٤٣.html

٢٠ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

هەولێر، سلێمانی و خانەقین بە پارچە پارچە نیشتەجێ بکرێن و لە شێوەی کەمپی ئێستادا دەورەیان بگیرێت، بۆ ئەوەی لانی کەم ئاگاداری یەکتر نەبن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بپچڕێت» لەو دوو پارچە مەزبەتەیەی٢١ کە وەك وەڵام هاتبوون، لە یەکێکیاندا ئەوەی لێ باس کراوە کە چەتە و ئەشقیاکانی ناوهاتوو بۆ نیشتەجێکردنیان لە سنووری ئیالەتی بەغدا نارازین و هەر لەسەر عادەتی جارانیان دەستیان بە ئاژاوە و نارەحەتی کردووە. بۆیە پێویستە لە سنووری قەرەتەپە، هەولێر، سلێمانی و خانەقین دەوریان بگیرێت و بەتەواوی لەوێ هەڵبقەندرێن٢٢.»

پێنجەم: دوای ئەوە هەمەوەندییەکان ناچار دەبن بگەڕێنەوە بازیان و لەوێ خۆیان تەسلیمی قشلە و سەرای سەربازیی دەکەن لەو قەزایە و چەك و تفاقی خۆشیان تەسلیمی لەشکر دەکەن، بەڵام هێشتاش دەوڵەتی عوسمانی دەیەوێ لەشکرێکی ٢٥٠ کەسی بنێرێ و هەموو ئەو هەمەوەندانە لەو قشلەیە دەستبەسەر بکات و بیانبەنە کەرکووك. « لەبەر ئەوەی چەتە و ئەشقیاکانی ناوهاتوو بە نائومێدی و پەرێشانی هاتوونە قشلەی عەساکیری شاهانە لە قەزای بازیان کە سەر بە سنجاقی سلێمانییە و، چەك و تفاقی خۆیان تەسلیمی لەشکری نۆبەدار کردووە، کە لە قشلەی ناوهاتوو دانە، لەگەڵ ئەوەشدا ٢٥٠ چەکداری لەشکری شاهانە بێن لە قشلەی ناوهاتوو بگەڕێن و بە شێوازێکی حاکیمانە ئەوان دەستبەسەر بکەن و بیانگرن و بیانهێننە کەرکووکێ. لەو بارەدا لە وێنەی تاوانبارانەدا و وەك تاوانبار ئەم حاڵەتە بۆ ئیبراهیم ئاغای فتووەتلوویی بنباشی لە هەرێمی سلێمانیدا ئاماژەی بۆ کراوە٢٣».

شەشەم: لەو هەمەوەندانەی هاتوونەتەوە بازیان، فەقێ قادر و ١٥٠ سواری لە نزیکەکانی خۆی لەگەڵدایە و خۆیان دەخالەتی سوپا کردووە و چەکی خۆیان تەسلیم کردووە وەك نیشاندانی نیازپاکیی بۆ دانوستان و ئەو بەڵێنەی کە لەسەری ڕێك کەوتبوون. لەبەر ئەوە دەوڵەتیش ئەوانەی لە قشلەکەدا جێگیر کردووە کە وەك خێوەتگەی ئێستای پەنابەران بووە و خەرجییەکی بۆ خەڵك و وڵاغەکان دابین کردووە. لە بەڵگەنامەکەشدا « ئەوە بەیان کراوە کە فەقێ قادری سەرۆکی ناوبراو لە کەسانی خۆی نزیکەی ١٥٠ سوارییان هاتوونەتە پێش قشلەی ناوهاتوو و بە دەخالەت سیلاحی خۆیان تەسلیم کردووە. بۆیە لەلایەن یوزباشی حەسەن ئاغاوە لەناو قشلەی ناوهاتوودا نیشتەجێ کراون. جا ٢٠٠ درهەم بۆ ئەوان و بۆ ئاژەڵەکانیشیان جۆیان پێدراوە. لەو بارەشدا لێپرسین و لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ کراوە٢٤.»

حەفتەم: دیارە یاسا و ڕێسایەکی عوسمانیش هەبووە بەوەی؛ هەر کەسێك خۆی تەسلیم بکاتەوە و بکەوێتە ژێر چەتری عوسمانییەکان، دەبێ ژیان و ئاسایشیان پارێزراو بێ، لەو سۆنگەوە والیی بەغداش لە ڕاپۆرتەکەیدا تا ڕادەیەك دەگاتە ئەو بروایە ئەگەر ڕاست بێ و ئەوان لە دڵەوە خۆیان تەسلیم کردبێ و جارێکی دیکە یاخی نەبنەوە، ئەوا شایانی لوتفی شاهەنشاهینە و دەبێ لاپەڕەیەکی تازەیان لەگەڵ هەڵبدرێتەوە و خەڵکی تریش چاویان لێ بکات و ئەو دەڤەرە شەڕ و تێهەڵچوونی تێدا نەمێنێ.

لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە» لەبەر ئەوەی سیلاحی خۆیان بە دەخالەت تەسلیمی عەساکیری شاهانە کردووە، ئەو ئەشقیایانە شایانی عەفووی عالیینە، هەتا ببێتە ئاماژەیەکی تر کە کەسانی وەك ئەوان داخیلی بازنەی ئەمن و ئەمانن و پێویستە لە سنووری قشلەی ناوهاتوودا و لە هەرێم و دەڤەرێکی گونجاو بپارێزرێن. وەك وەڵامیش - ئەگەر ماددەی پەشیمانی و تکا و دەخالەتەکەش ڕاست بێ- ئیشعار و بەیان لەو بوارەدا لێبوردن و عەفووە لە تاوانەکانی پێشوویان و نیشتەجێکردنیانە لەوێ. هەروەها بۆ چاکسازیی ئەوانیش بۆچوون و ڕێنمایی فراوان بۆ بنباشیی و موتەسەڕیفی ناوبراو نێردراوە٢٥.»

هەشتەم: وا دیارە عوسمانییەکان هەندێ لە هەمەوەندەکانیان لە دەرەوەی قشلەی بازیان و هەندێکی تر لەنێو قشلەکە نیشتەجێ کردوون، ئەگەر چی پێیان وایە ئێرە زێدی ئەوان نییە، بەڵام بەشێوەی کاتیی لەو شوێنەیان نیشتەجێ کردوون. « هۆزی ناوبراو هەموویان هاتوونەتە قشلە و هەر هەمووشیان چەك و سیلاحی خۆیان تەسلیم کردووە و لە ناوەوەی قشلێدا نیشتەجێ کراون. ئێرە لە بنەڕەتدا قەسەبەی ئەسڵ نییە، بەڵام یوزباشیی ناوبراو بۆ گەڕاندنەوەیان ئەو کاتەی هاتۆتە گوندی کانی گۆ تووشی بە تووشی سەرۆکی ناوبراو و هەشت نۆ کەسی تر بووە کە لەگەڵی بوون و ئەویش ئەوانی لەگەڵ خۆی بردۆتە ئەو قشلەیە و، هاوکارەکانی تریشی لە دەورەی قشلێن و بە ئەندازەی چارەگێك دوور نیشتەجێ کراون. لەسەر ئەو حاڵەشدا ١٢ خەنجەر و چەند دەمانچەیەك لەلایەن ئەوانەوە تەسلیم کراون٢٦.»

---

٢١ - لە سەردەمی عوسمانییاندا زۆر جۆرەی سکاڵا و داواکاریی هەبوون، ئەگەر لەسەر داواکارییەك زیاتر لە یەك ئیمزا هەبوایە، ئەوا مەزبەتەیان پێدەگوت و لە زمانی ئێستای تورکی دا (tutanak) بەکاردێت.

٢٢ - MVL_٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

٢٣ - MVL_٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

٢٤ - MVL_٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

٢٥ - MVL_٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

٢٦ - MVL_٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

نۆیەم: دوازدە ڕۆژ هەمەوەندەکان لەنێو قشلە و دەرەوەی قشلە دەمێننەوە، وا دیارە عوسمانییەکان سەربازی خۆیان دەنێرنە گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی خواردن بۆ ئەو خەڵکەی هەمەوەند کۆ بکەنەوە. لەو کاتەدا هەمەوەندەکان بە دەرفەتی دەزانن کە هەڵبێن و دەچنە گوندی پیرحەیات و بە گوتەی مەزبەتەی عوسمانییەکان، جارێکی دیکە هەمەوەندەکان یاخی بوونەتەوە و دەستیان بە خراپە کردۆتەوە. وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە:» ماوەی دوازدە ڕۆژان لەوێ نیشتەجێبوونە، پاشان لەلایەن یوزباشیی بە ناردنی کەسانی نیزامی لە گوندی دراوسێدا لە خەڵك و هەژارانەوە ئازووقە و زەخیرەیان بۆ کۆکراوەتەوە. جا دوای ئەوە عەشیرەتی ناوبراو هەر هەموویان لە قشلەوە چوونەتە دەر و چوونەتە گوندی پیرحەیات و هەر وەك عادەتی پێشوویان دیسان زاتی ئەوەیان کردووە تاوان و کاری خراپ بکەن٢٧.»

دەیەم: لایەنی سەربازیی بەتەواوی لە هەمەوەندەکان بێئومێد بووە، هەر چی موتەسەریفی شارەزوورە جۆرێك نەرمینواندنی پێوەدیارە و بۆیەشە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی لایەنی سەربازییەوە، لەبەر هەندێش ئیبراهیم بیمباشی نامەی بۆ موتەسەڕیف ناردووە و پێی ڕاگەیاندووە؛ کە هەمەوەندەکان بەتەواوی دەخالەتیان نەکردووە و هەموو چەکەکانیشیان تەسلیم نەکردووە و ئەو بەهانەی هەمەوەندەکان کە؛ لە دەوروبەری بازیان لێیان بگەڕێن بۆ خۆیان بژین، ئەوە نادروستە و نابێ بڕوایان پێ بکرێ، گوایە ئەوانە تا لەو دەڤەرە بمێننەوە زیانیان بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە زیاتر دەبێ. لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە:

« لە مەزبەتەکەدا نووسراوە کە دەرکردن و دوورخستنەوەیان پێویستە و لە کورتە نووسینەکەی بینباشی ئیبراهیم ئاغای ناوهاتووشدا کە بۆ موتەسەڕیفی ناوهاتووی ناردبوو ئەوەی لێ فامراوەتەوە کە؛ ئەوان بە تەواوی دەخالەتیان نەکردووە و هەر هەموو سیلاحەکانیشیان بە تەمینات لێ نەستێندراوە. جا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە بەگوێرەی گێڕانەوەی هەندێك بەهانەی پووچ، ئەوان لە پێناو مان و ژیانیان لە گوندەکانی بازیان بڵاوبوونەتەوە، هۆزی ناوبراو بە تەواوی چەکەکانی خۆیان تەسلیم نەکردووە و بە بەهانەی مان و ژیان چوونەتە لای بازیان و دەستیان بە زوڵم و ڕێگریی کردووە. ئەو حاڵەتەی ئەوان وای کردووە کە لە بازنەی دەخالەت و ئەمنییەت بچنە دەرەوە.

لەو پەڕاوانەشی کە لە ئیالەتی شارەزوورەوە هاتوون ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە؛ کە گەڕانی ئەوان بە ئاوارەیی لەو ناوچانە دەبێتە هۆی نارەحەتبوونی خەڵکی شارەزوور و ئاسایشی ئەو خەڵکە دەخاتە مەترسییەوە. بەگوێرەی پێویستیی حاڵ موتەسەڕیفی ناوبراو ئاگادارکراوەتەوە کە لەمەودوا ئەو بە دەخالەت و ئیفادەی نادروستی تایەفەی ناوبراو هەڵنەخەڵەتێ و بەگوێرەی ئیقتیزای مەئموورییەتی خۆی، خەڵك و هەژارانی هەرێمەکە بپارێزێ و بەپێی هۆکارەکان تەگبیری خۆی بکات٢٨.»

یازدەم: دیارە ئەو خەڵکەی هەمەوەند ماوەیەکی زۆربووە لە شوێنی خۆیان هەڵقەنراون و ئاوارە بوونە و موڵك و ماڵیان لێ سەندراوەتەوە و لە ژیانێکی ناخۆشیی ئاوارەییدا بوونە، بۆیە بە لای ئەوانەوە تا لەو ئاوارەییەدا بن، ئەوا زەرەر و زیانیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی زیاترە، بۆیەشە موتەسەڕیفی شارەزوور بە ئامانجی چارەسەرکردنی باروودۆخەکە نەرمی نواندووە، بەڵام بە لای والیی بەغدا دەبێ لە ئەستەنبوڵەوە بەیانێکی ڕوون لەو بارەوە دەربچێت و ئەو کێشەیە یەکلابکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی عوسمانی چاری ناچارە کە بۆ سزادانی هەمەوەندەکان هەر دەبێ بە پرس و ڕا بێ لەگەڵ موتەسەڕیفی شارەزوور. لە بەڵگەنامەکەشدا هاتووە کە « هەر چەند ئەو کەسانە کەسی زیانبەخشن و بە تاوانەکانیشیان بەناوبانگن و لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوورە لەلایەن حکومەتەوە دوورخراونەتەوە و ماڵ و موڵکیان لێ سەندراوە و لێرە و لەوێ وەك سەرسەرییان گەشت و گەڕانێ دەکەن و لە ڕووحی خۆیان بێ ئومێد و بێ هیوا بوونە. بەسەرهات و حاڵ و مەسەلەی خۆیان باس کردووە و داوای ئەمان و ئاسایشیان لە حکومەت کردووە. جا بۆ ئەوەی دوورخستنەوەی ئەوان لە نوێوە نەبێتە هۆی خوێنڕشتن و بە ڕێگەی لێبوردن و عەفووکردنیان زیانیان کەم بکرێتەوە و وەلا بنرێت، وەك لایەنی وەریسییە بەیانێکی باڵا لە موتەسەڕیفی ناوبراوەوە وەرگیراوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەر وەڵامێك کە دراوەتەوە بۆ خەڵکی ئیالەتێ بەیان کراوە و تۆڵەلێکردنەوە و سزای هەمەوەندییەکان لەبەرچاو گیراوە. جا لەبەر ئەوەی عەشیرەتی هەمەوەند یەکێکە لە عەشیرەتەکانی شارەزوور کە لە ئیدارەی هاوپێچ دایە و چارمان ناچارە کە بۆ تۆڵە و سزادانیان ڕەزامەندیی موتەسەڕیفی ناوبراوی پێویستە. ئاشکراش بووە کە بۆ نەهێشتن و لابردنی زەرەر و زیانی ئەشقیایەکانی ئەو عەشیرەتە، لە سایەی سەنییەی شاهانەدا چ وەڵامێك بێت، بەگوێرەی ئەو وەڵامە کاروبار ڕادەپەڕێنرێت٢٩.»

لەم خاڵانەی سەرەوەدا کە هەڵهێنجراوی بەڵگەنامەیەك بوون، دەرکەوت کە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی بەرامبەر ساڵی ١٨٦٠ی میلادی، هەمەوەندەکان بە سەرکردایەتی فەقێ قادر ڕووبەڕووی زۆر تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی و دەربەدەری بوونەتەوە و فەقێ قادر ئامانجی بووە کە بە ئاشتییەوە بگەڕێنەوە سەر زێد و موڵك و ماڵەکانیان و تەنانەت بەشێك لە چەکەکانیشی تەسلیم

٢٧ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

٢٨ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

٢٩ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٣_٠٠١

دەکاتەوە و لەو دانوستانەشدا بەدیار دەکەوێت کە موتەسەڕیفی شارەزوور تارادەیەکی باش نەرمیی نواندووە و دەوڵەتی عوسمانیش کە لە دوورەوە ویستوویەتی زۆر بەتوندیی لەگەڵ هەمەوەندەکان بجوڵێتەوە، بەڵام چاری ناچار بووە کە بە ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ موتەسەڕیفی شارەزوور ئەو کارە بکات و باوەڕ بە موتەسەڕیف بهێنێ کە ئەو نەرمینواندنە سوودی نابێت.

## نامەی فەقێ قادر بۆ دەستەڵاتی عوسمانی

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی لەسەر نییە، بەڵام هەر لە نێو ئەو دۆسیەیەدایە کە ساڵی ١٢٧٧ی کۆچییە و چەند لاپەڕەیەکی تێدایە و هەمووی تایبەتە بە گەڕانەوەی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان لە ئێران و مەسەلەی نیشتەجێکردنیان لە بەغدا یان لە دەوروبەری کەرکووک. وا دیارە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی نۆزدە (چەند ساڵ پێش ساڵی ١٨٦١ی زایینییە تا ئێستا نازانین) تێکهەڵچوونەکە بەردەوام بووە و بەو هۆیەوە فەقێ قادر و تاقمێکی زۆر لە هەمەوەندەکان ئاوارەی دیوی ئێران بوونە و ماوەیەکی زۆر لەوێ ماونەتەوە. بێگومان دەبێ فشاری ئێرانیشیان لەسەر بووبێ بۆیە فەقێ قادر و ئەو خەڵکەی هەمەوەند ناچار بە دانووستان و خۆڕادەستکردنەوە دەبنەوە و تکا دەکەن کە لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەنەوە و بە پەیمانی ئەوەی کە ئیتر ئەو هەڵانە دووبارە نەبنەوە.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

لەگەڵ ئەوەی من دەمێکە لەبەر نەزانی و دوورنەبینی خۆمەوە، لەسەر بزاڤ و جوڵەی خۆم و خەڵکی عەشیرەتەکەم، بێ فەرمانیی حکومەتم کردووە و هەندێك بزاڤ و جووڵانەوەم لە دژی عەدالەتی سەنییەش بووە، ئێستاش باش تێگەیشتوومە کەسانێك کە ڕێگەی ئاوا نەشیاو و نامەقووڵ و ناڕاست دەگرنەبەر، بە سایەی قودرەتی بێ کۆتای جەنابی پادشاه دەگیرێن و مامەڵەی نەشیاو و نەخوازراویان لەگەڵ دەکرێت.

نەخاسمە لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی عەشیرەتەکەم، لە پێنجسەد کەسیش زیاتر بوون لە ئۆغری یاخیبوون و شەقاوەتێدا بەهۆی لەناوچوون و ئیعدامەوە ئێستا بە ئەندازەی چل یان پەنجا سوار ماون. لەبەر ئەوەی ئەوان لەو ئیرادەی سەنییە٣٠ حاڵیبوون کە لەبارەی ئێمەوە شەرەفسدوور بووە، بۆیە ئێستاش لەو جوڵانەوەی پێشووتری خۆیان زۆر زۆر پەشیمان و بێزارن. لەبەر ئەوە هەنووکە ئێمە هەموومان وەك (حبل المتين٣١)ـین بۆ ئیتاعەت و گوێڕایەڵی و تەسلیمبوون بۆ حکومەتتان لەگەڵ ئارامگرتن و تەحەممول لەو بڕیارەی کە لەلایەن حکومەتەوە لەبارەی ئێمەوە دەدرێ، وەك بەخشندەیی یان نەبوونی بەخشندەییەوە جێبەجێ بێت. ئێمە لە حەسرەتی ئاسایش و دەخالەتی لوتفی جەمیلەی ئاسەفانەوە، بە گوێڕایەڵی و ئیتاعەت و ئومێدەوە دێینە بەر دەرگای حکومەت. لە ڕاستیشدا ئەم مەبەستەی ئێمە مەعلوومی عیلمی پادشای موشکیلگوشایە٣٢، چ بە زانین، یا بە نەزانین بۆ شەقاوەت و نەبوونی گوێڕایەڵی و ئیتاعەت، کە ئێمە زاتی ئەوەمان کردووە بە هۆی ناگوێڕایەڵی و سەرکێشی من و ئەو سوارانەی کە لەگەڵ من تووشی خەتا و هەڵە بوونە و هەڵەمان کردووە.

ئەو لوتف و مەرحەمەتەی بۆ من و سوارەکانم، سایەی مەرحەمەت و لوتفی جەنابی ملووکخانەی ئیجرای عەفوو و لێبوردەییە و لە عەشیرەتی ناوهاتووەوە هەر کەسێك لەگەڵ بەندەکانی ئێوە جووڵاونەتەوە بەگوێرەی ئیرادەی سەنییە، موتەفەریقەن لەو شوێنانەی کە ئیرادەی سەنییە ویستی لەسەرە نیشتەجێ بکرێن. ئەو کورتە نووسینە ڕەحمنامەیەی کە لێبووردەیی و بەخشندەیی بەندە بێ دەستەڵاتەکانی وەك ئێمەی تێدا گیرساوەتەوە، داواکاری و دەخالەتنامەی بەندەی بێ دەستەڵاتتانە.

لەو بارەدا و لە هەموو حاڵێکیشدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی (من له الامر)ە.

بەندە

کوێخای عەشیرەتی هەمەوەند

٣٠ - ئیرادە irâde: فەرمانی سوڵتانی، مەرسوومیشی پێ دەگوترێت. ئەم زاراوەیە سەرەتا لە ساڵی ١٨٣٢ی میلادی بەکارهات، ئەویش خستنەڕووی بابەتێك بوو بۆ سوڵتان کە تەنیا پوختەکەی عەرزکرا، ئەو کاتە بە یادداشتی خستنەڕوو یان پوختە ناونرا، بە نووسەرەکەشی گوترا پوختکەرەوە، ئەوجار سوڵتان دەیخوێندەوە و بۆچوونی خۆی لەسەر دەردەبڕی، ئەم بۆچوونەی سوڵتان پێی دەگوترا خەتی همایۆنی. بەڵام دوای ئەو مێژووە ڕاوێژکاری تایبەتی سوڵتان ئەو داواکارییانەی دەخرایە بەردەمی، جا ئەو ڕاوێژکارە نووسینەکەی بۆ سوڵتان دەخوێندەوە، کە لێدەبوۆوە سوڵتان بۆچوونەکەی بە زارەکیی دەردەبڕی، ڕاوێژکاریش لە پەراوێزی نووسراوەکە بە خەتێکی خوار بۆچوونەکەی دەنووسیەوە، ئەمە پێی دەگوترا ئیرادە. دوای سەردەمی مەشرووتییە ئەرکی سوڵتانەکان تەسدیقکردنی ئەو بڕیارانە بوو کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەدران، ئەم تەسدیقکردنەش ناونرا ئیرادە. ئەو فەرمانەش چەند شتێکی تایبەتی دەگرتەوە وەك دانانی پلە و نازناو و پایەکان بۆ خاوەنەکانیان. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

٣١ - حبل المتين: پەتی بەهێز، کینایەیە بۆ یەکگرتوویی و پابەندیی بە شەریعەتەوە.

٣٢ - مشكل گشا: کەسێ کە ئاستەنگیی و سەختییەکان ئاسان دەکات.

عەبدولقادر

مۆر[٣٣]

لەم نامەیەی فەقێ قادر چەند زانیارییەك هەن، لەوانە:

-لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی نۆزدە، ئەوانەی کە لەگەڵ فەقێ قادر یاخیبوونە زیاتر لە ٥٠٠ سواری چەك بەدەست بوون، بەڵام بەشێك لەوانە ئیعدام[٣٤] کران و بەشێکی دیکەیان لەو ململانێیەدا لەناو چوون و لە کاتی تەسلیمبوونەوەی فەقێ قادردا سی چل سوارێك ماون[٣٥].

-فەقێ قادر نموونەی سەرکردەیە، بەوەی کە تاوانەکە بە پلەی یەکەم دەخاتە ئەستۆی خۆی، ئەنجا بۆ ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیدایە.

-فەقێ قادر بە بەرژەوەندیی خۆی و عەشیرەتەکەی دەزانێ، کە ئەم دەخالەتنامەیە بنووسێ و ئیدی خۆی و خەڵکەکەی لە ئاوارەیی و دەربەدەری بگەڕێنەوە و بێنەوە زێد و وڵاتی خۆیان.

## فەقێ قادر و دانووستان

بەدرێژایی ژیانی فەقێ قادر، لەبەر ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە لە سەردەمی ئەودا بە سەر هۆزەکەیدا هاتوون و ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ئەو ڕیشسپی و کوێخا و ڕابەر بووە، باری هۆزەکەی گەلێك جاران لە هەڵبەز و دابەزدا بووە و چەند جارێك پێویستی و ناچاریی دانوستان بووە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی فەقێ قادر هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە هۆزەکەی بە کەمترین زیان لە ڕووداوەکان دەربازی بێت، بۆیە کە چاری ناچار دەبێت، بڕیاری ئەوە دەدات کە خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوونە بگەڕێتەوە بن دەستەڵاتی عوسمانی و دەست بە دانوستان بکاتەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە لەو خۆڕادەستکردنەوە ناچارییەشدا هەموو شتێکی لە عوسمانییەکان قبوڵ نەکردووە، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەی کورت بکەینەوە:

١ - دوای ئەوەی لە ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی، فەقێ قادر پاش ماوەیەك لە دوورکەوتنەوەی لە زێد و ناوچەکانی خۆی و ڕۆیشتنی لەگەڵ کۆمەڵێك خانەوادەی هۆزەکەی بۆ سنوورەکانی ئێران و خانەقین، لەو ساڵەدا بڕیار دەدات بگەڕێتەوە. بۆیە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە نەرێنییەی عوسمانییەکان لەسەر فەقێ قادر و هۆزەکەی کە یاخیی و زەبروەشێنن بۆ عوسمانییەکان، کەچی بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لەناکاوەوە فەقێ قادر دەگەڕێتەوە کەرکوك و لەگەڵ عوسمانییەکان دادەنیشێ و دەیەوێ لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ دەستەڵات هەڵبداتەوە. (کوێخای عەشیرەتی ناوهاتوو کە ناوی فەقێ قادرە لەگەڵ خزم و خەڵك و عەشیرەتی خۆی و دوو کەس لە کوڕانی عەزیز خاڵەیی کوژراو لە سەرۆکەکانی ئەو عەشیرەتە و ماڵباتەکانیان هەموویان بە پەنهانیی هاتوونەتە کەرکوك و پەشیمانی خۆیان لە تاوانەکانی پێشوویان ڕاگەیاندووە و، خۆیان هاویشتۆتە بەر دامەن و دەرگەی عەفوو و بەخشندەیی جەنابی سەدارەتپەنا) [٣٦].

٢ - ئەم شێوازە ئەگەر چی جۆرێکە لە خۆڕادەستکردنەوەیەکی بەپەنهان، بەڵام شێوەیەکی گفتوگۆی لێ بەرهەم دێت، بەوەی دەبرێنە ئەنجومەنی مەزنان و لەوێ فەرمانی دەستەڵاتی عوسمانییان بۆ دەخوێننەوە کە فەرمانەکە ئاماژە بەوە دەدات؛ دەبێ هەمەوەندەکان لە سنووری بەغدا نیشتەجێ بکرێن، بەڵام فەقێ قادر ئەوە ڕەت دەکاتەوە و بەو فەرمانە ڕازی نابێت. (لەسەر ئەم بنەمایە ئەوانیان هێناونەتە ئەنجومەنی مەزنان و فەرماننامەی سەنییەیان ڕووبەڕوو بۆ خوێندوونەتەوە و مانای ئەو بەیانە لە هۆشیان جێگیربووە. ئەویش بە دەربڕینی(سمعنا وأطعنا) قبوڵی کردووە. بەڵام (وەك نارەزایی گوتویەتی) قبوڵی نیشتەجێکردنمان لە ئیالەتی بەغدا ناکەین) [٣٧]. لەم بەڵگەیەدا ئەوە بەدەردەکەوێت کە فەقێ قادر ناچار بووە ئەوە قبوڵ بکات، کە بگەڕێنەوە سەر گوند و دەڤەری خۆیان، بۆیە بە (گوێمان لێبوو و گوێڕایەڵی بووین) وەڵامی داوەتەوە، بەڵام نارەزایی لەو بارەوە دەربڕیوە کە لە سنووری بەغدایان دابنێن. هەر وەك لە بەڵگەنامەکانیشدا گەنگەشەی زۆر هەیە کە دەبێ لە دووری زێد و ناوچەی خۆیان نیشتەجێ بکرێن، تا پەیوەندیی هەمەوەندەکان بە یەکترەوە نەمێنێ و بە واتایەکی تر ئەو هەمەوەندانەی لە زێدی خۆیان ماونەتەوە بێ سەرۆکن

٣٣ - 001_002_00069_00759_MVL

٣٤ - چەند بەڵگەنامەیەك بە مێژووی جیاواز سەبارەت بە ئیعدامکردنی هەمەوەندەکان هەن، لەوانە: لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٢٧٦/٤/١٢ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٥٩/١١/٨ی میلادی لەسەر نووسراوە، ئاماژە بە ئیعدامکردنی سێ لە هەمەوەندەکان دەکات لەلایەن عومەر پاشای والیی ویلایەتی بەغداوە. (Y..İ.MMS.0016)، هەروەها لە مێژووی ١٣٠٥/٢/٩ی کۆچی (١٨٧٧/١٠/٢٢ی میلادی) باس لە بڕیاری ئیعدامی هەندێ لە هەمەوەندەکان دەکرێ. بڕوانە: ( PRK.BŞK. 001,00046,00012)

٣٥ - ڕەنگە ئەم کەم نیشاندانەی سوارەکانی فەقێ قادریش زیاتر بۆ شەرعییەتدان بێ بەو ڕەحمنامەیەی کە فەقێ قادر بۆ دەسەڵاتی عوسمانی ناردووە، بۆ ئەوەی لەو ناچارییەدا دانووستان و تەسلیمبوونەوەکەی ئەنجامێکی هەبێ و ئەوەندە هێزەیشی ماوە لە دەستی نەدات.

٣٦ - 001_005_00069_00759_MVL

٣٧ - 001_005_00069_00759_MVL

و بە گەڕانەوەی ئەو کۆمەڵە چالاك و خەباتگێڕانە جارێکی دیکە ئەو جووڵانەوەیە دروست دەبێتەوە و دەبێتە مەترسیی بۆ سەر عوسمانییەکان، بۆیە بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ بە پەرش و بڵاوی و دوور لە دەڤەری خۆیان نیشتەجێیان بکەن.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکە فەقێ قادر ئەوە نیشان دەدات کە بەشێك لە ماڵبات و خەڵکی عەشیرەتەکەی لە دیوی ئێران لە ناوچەی «قارەمان» ماون و ئامانجی ئەوەیە ئەوانیش بهێنێتەوە. (داواکاریی بەهێزی ئەو ئەوەیە کە خێزان و خەڵکی عەشیرەتەکەی کە لە قارەمان ماون، هەموویان لەگەڵ ئەو بێنە کەرکووك و لە شوێنێك کە بۆیان گونجاو بێت نیشتەجێ بکرێن[38]).

## فەقێ قادر و نیشتەجێکردنی هەمەوەندەکان

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، فەقێ قادر سەرکردایەتی هاتنەوەی هەمەوەندەکانی کردووە و کەسی یەکەم بووە لە دانوستانەکاندا. ئەو تاقمە هەمەوەندانەی کە لەگەڵ فەقێ قادر بوون، لە بەڵگەنامەکاندا ناوی دوو لە کوڕەکانی عەزیز خاڵەی کوژراو دێ، ئەوانی تر ماڵبات و خێزانەکانی ئەوانن و دیارە ژمارەکەشیان زۆر بووە، بۆیە دەسەڵاتی عوسمانی هەوڵی ئەوە دەدا لە چەند شوێنێك نیشتەجێیان بکات. هەڵبەت دوای ئەوەی فەقێ قادر قایل نابێت لە سنووری ئیالەتی بەغدا نیشتەجێ بکرێن. ئەم قایلنەبوونەش هۆکاری هەبووە، چونکە مانەوەیان لە سنووری شارەزوور/ کەرکووك دا تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەکانی خۆیان نزیکن و دەکرێ ناسیاوی و ئاشنایەتییان لەگەڵ عەشیرەتەکانی ئەو دەوروبەرە هەبووبێ و بەو هۆیەوە دەتوانن بە هەر ڕێگەیەك بێت پەیوەندیی لەگەڵ ناوچەکانی خۆیان ببەستن و ئاگاداری خەڵك و گوند و دەڤەرەکەیان بن.

لە لایەکی ترەوە فەقێ قادر لە دانوستانەکەیدا، ئامانجی نیشتەجێبوونی لە ناوچەی کەرکووك بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئیدی لەمەودوا دەبێ خۆی و عەشیرەتەکەی بە کشتوکاڵەوە خەریك بن. (داواکاریی بەهێزی ئەو ئەوەیە؛ کە خێزان و خەڵکی عەشیرەتەکەی کە لە «قارەمان» ماون، هەموویان لەگەڵ ئەو بێنە کەرکووك و لە شوێنێك کە بۆیان گونجاو بێت نیشتەجێ بکرێن و بە جوتیاری و کشتوکاڵەوە مژوول بن[39]).

ئەو گەنگەشەیە سەرەتا موتەسەڕیفی شارەزوور بە ڕاسپاردەی والیی بەغدا دەیهێنێتە ئارا و ئەویش مەترسیی ئەوەی هەیە لە سنووری شارەزوور نیشتەجێ بکرێنەوە، بەڵام فەرمانەکە بۆ سەرووی خۆی دەگەڕێنێتەوە و نامە بۆ سەدارەت دەنێرێ و باسی ئەوە دەکا کە (ئەو عەشیرەتە کە پێشتر فڕوفێڵیان کردووە و ڕێگر و ئەشقیای کۆنن و کە بە تەڵتیف و تەمێن و ئارام دانانیشن. بە گەڕاندنەوەشیان هەرێمی شارەزوور لە دەستیان ئارام و سەلامەت نابێت. بە نووسراو و ئەو مەزبەتانەی پێشتر و دواتر ئەوە دیاربووە کە؛ دەبێت شەڕ و فڕوفێڵیان کپ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان بە تەواوی بوێری تاوان و پیسییەتییان کردووە و چاوەڕێی ئەوە ناکرێت کە ئیسلاح بن. هەروەك لە نووسراوی بەندەتان دەولەتلو[40] حەزرەتی والیی بەغدا ئینها و ئیشعار بووە چۆنیەتی پرس و ڕاوێژەکە حەواڵەی ئەنجومەنی والا کراوە.

لە نووسراوەکاندا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە بەگوێرەی میزاجی ئەوانە (هەمەوەندییان) ئەمجارە نابێت باوەڕ بە گوفتار و ڕەفتاریان بهێنرێت. چونکە ئەوانە خۆیان کەسانی نارەحەت و نائارامن و لەو بارەوە هەموویان وەك یەکن. بۆیە گەڕاندنەوەیان بۆ سەر خاك و مەملەکەتەکەیان دروست نییە. ئەگەر هەر مومکین بێ، ئەوا دەبێت بە پارچە پارچەیی لە هەرێمی جارانی خۆیان یان لە شوێنانی دیکەی گونجاوی نێو ئیالەتی بەغدایێ نیشتەجێ بکرێن، تاوەکوو نەتوانن لە نوێوە نارەحەتی و خراپەکاری و فەسادیێ بکەن. ئەگەر مومکینیش نییە و ئەوان ڕازی نەبن کە لە هەرێمی دیکەوە نیشتەجێ بکرێن و دژی فەرمانی باڵا هەنگاو بهاوێژن، ئەوا تەزەککور ئەوە کە بۆ نەهێشتنی شەڕ و زیان و خراپەی ئەوان چ هۆکارێك پێویست بێ، با ئەوە لەلایەن ئەو بەندە بێ دەستەڵاتەتان جێبەجێ بکرێن). [41]

بەگوێرەی بەڵگەنامەکە کوێخا عەزیز خاڵە کوێخایەکی هەمەوەندەکان بووە و تاڕادەیەك نێوانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی خۆش بووە و لەو چەند ڕۆژانەی دواییدا لە ڕووداوێکدا کوژراوە[42] و کوڕەکانی ئەویش بەناوەکانی عەبدوڵلا و یادگار لەگەڵ هەمەوەندەکان

٣٨ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٤_٠٠١

٣٩ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٤_٠٠١

٤٠ - دەولەتلو (خاوەن دەوڵەت دەوڵەتدار): بە مانای خاوەنی دەوڵەت دێت، ئەمەش نازناوێکی تەشریفی بوو، کە بەو نازناوە وەزیرەکان و سەرلەشکرەکان و مەشایخەکانی ئیسلام و ئەمیرەکانی مەککە ..... هتد ی پێ دەدوێندرا، بۆ نموونە سەدری ئەعزەم کە سەرۆك وەزیرانە بە دەولەتلو فەخامەتلو دەدوێندرا، سەرکردەکانی لەشکر بە خاوەن دەوڵەت و میهرەبان و، ئاغایەکانی ئەستەنبوڵیش بە دەوڵەتداری خاوەن عینایەت و هەروەها نەوەکانی ئالی عوسمان دەوڵەتدار و نەجیبزادەیان پێ دەگوتن و شێخەکانیش بە صاحب الدولة والسماحة و، ئەمیرەکانی مەککەش بە صاحب الدولة والسیادة ناویان دەبرد. بڕوانە (سهیل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانیة التاریخیة).

٤١ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٥_٠٠١

٤٢ - بەگوێرەی بەڵگەنامەی دیکە، عەزیز خاڵە یەکێك بووە لە سەرۆکەکانی هەمەوەند و عوسمانییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی هەمەوەندەکان و

بوونە و لەبەر ئەو ڕێزگرتنەی کە باوکی لای عوسمانییەکان هەیانبووە، دەگونجێ کە لەگەڵ فەقێ قادر هاتبنەوە و بەشداری دانوستانەکەیان کردبێ، بەڵام قسەی کۆتایی بۆ بڕیاردان هەر لای فەقێ قادر بووە، ئەگەر چی بنەماڵەی عەزیز خاڵەش لەنێو نیشتەجێکراوەکانن.

ئەوەی جێی سەرنجە عوسمانییەکان وەك بێ باوەڕ و کافر تەماشای هەمەوەندەکانیان کردووە و خەڵکی سنووری سنجاقی سلێمانییان بە مسوڵمان داناون و پێیان دروست نەبووە کە؛ تەنانەت هەمەوەندەکان لەنێو مسوڵمانەکانیش نیشتەجێ بن. ئەوەتا (لە ئەنجومەنی ناوهاتووەوە ئەمە باس کراوە کە لەمەوبەدوا لەسەر شێوازی پێشوو عەشیرەتی ناوبراو لە شوێنی زۆر زۆر مەحزوورات و لەناو مسوڵمانانی نزیك سنووری سنجاقی سلێمانیدا بەشێوەیەکی دروست نیشتەجێکردنیان بەباش و پەسەند نەزانراوە[٤٣]).

باسکردنی دەربڕینی (مسوڵمانانی سنووری سنجاقی سلێمانی) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی؛ کە لە کۆنەوە باو بوو عوسمانییەکان بە تۆمەت بەخشینەوەی مسوڵمانەبوونی هەمەوەندەکان شەرعییەتیان بە شەڕەکانی خۆیان دەدا. بۆ ئەوساش ڕاگەیاندن و میدیا نەبووە تا لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بکرێ و لە ئەنجامدا ئامانجەکەیان پێکاوە و بەو جۆرە ئەو بانگەشەیە لە تەواوی کوردستان بڵاوبۆتەوە. تەنانەت چەندانساڵیش ئەوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا جێی خۆی گرتبوو. (تورك و دەستوپێوەندەکەی بەگشتی بە دانیشتوانی وڵاتیان ڕاگەیاندبوو کە هەمەوەند لە خووڕەوشتی مرۆڤایەتی لایداوە و کردەوەکانیان تۆقێنەرە و لە ڕەوشتی جانەوەردایە)[٤٤]، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی بەنێو عەشیرەتەکاندا فتوای کافرکردنیان بڵاوکردۆتەوە (هەر چەندە حکومەتی عوسمانی هەوڵی دا و بەناو عەشایەردا سووڕایەوە و فتوایان بڵاوکردەوە، ئەوانە لە خەلیفەی ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە و پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە و کافر و مورتەدن و هەژارکوژن و ڕێگر و جەردەن[٤٥]). لە کاتێکدا مێجەرسۆن دەڵێ: هەمەوەند تیرەیەکی زۆر خواپەرستە، لە کاتی هێرشدا لە لایەکەوە دەوەستێت تا نوێژەکەی لە کاتە دیاریکراوەکەی خۆیدا بکات[٤٦]. کە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە بانگەشەی بێدینبوونی هەمەوەندەکان بە بەرنامە و پلانی عوسمانییەکان بووە و تاڕادەیەکیش ئەو بانگەشەیە لەناو کۆمەڵی کوردیدا بڵاوبۆوە.

بۆ دواجار بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێ کە فەقێ قادر و عەشیرەتەکەی لە سنووری کەرکووك نیشتەجێ بکرێن، فەقێ قادر و خانەوادەکەی لەنێو شاری کەرکووك و خەڵکی عەشیرەتەکەشی بۆ ڕۆژئاوای کەرکووك بگوێزرێنەوە. (لەمەودوا نیشتەجێکردنی عەشیرەتی ناوهاتوو لەسەر شێوەی پێشوو بەجیاجیا لە هەرێمی جارانیان زۆر زۆر مەترسیدارە و بەکارهێنانیان لەسەر ئەو شێوەیە بە دروست نەبینراوە. خودی فەقێ قادری ناوهاتوو و ئەولاد و خزمەتکارەکانی لە کەرکووك، خەڵکی دیکەی عەشیرەتیش لەسەر ڕووباری پردێ لەلای ڕۆژئاوای کەرکووکەوە و لە ڕووبەرێکی دووردا بەجیا نیشتەجێکراون کە ئەوێش لەمێژە جێگەیەکی چۆڵە و هیچ ئاوەدانییەکی تێدا نییە ٤٧).

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە ئیمزای زیاتر لە دە کەسی بەسەرەوەیە و ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی فەرمانەکەی سەڵتەنەتە، ئاماژە بە شوێنەکە دراوە، کە هی فەقێ قادر نێو شاری کەرکووك و هی هاووڵاتیانی تری هەمەوەند ڕووباری پردێیە کە پازدە سعات بە پێ لە کەرکووکەوە دوورە. (تەنیا خودی فەقێ قادری ناوهاتوو و خێزانەکەی لە کەرکووك، خەڵکی عەشیرەتەکەشی لە لای ڕۆژئاوای کەرکووك بە ئەندازەی ١٥ سعات لە دووری ڕووباری پردێ کە لەمێژە شوێنێکی چۆڵەوانییە و کشتوکاڵی لێ ناکرێت و لەوێ لە گەڕەکێکی گونجاودا بەجیا جیا نیشتەجێ کراون. زۆر زۆر فایدەدارە کە وەك جوتیاری گەڕۆك کاری کشتوکاڵیان پێ بکرێت. ئەگەر حەدد و سنووری منیش نەبێت کە پێشنیاز بۆ نووسراوی هەرێمی ناوبراو بکەم. سوپاس بۆ خوا لە سایە و قودرەتی جەنابی موڵکداردا عەشیرەتی ناوبراو هاتوون و بەئاسانی نیشتەجێ کراون. نیشتەجێکردنیان بەو شێوەیە لە هەر لایەکەوە لەو کارە باشانەیە کە جێگەی سوپاس و پێزانینە٤٨).

لەم بەڵگەنامەیەی سەرەوە بەدیاردەکەوێت کە پێش ئەو مێژووە ڕەزامەندی دراوە بۆ نیشتەجێکردنیان و بەبێ کێشە کارەکە مەیسەر بووە، هەر بۆیە ئەو ئەنجومەنە ئەو ڕاپۆرتەیان بەرزکردۆتەوە و ئەوەیان نیشان داوە کە فەرمانەکە جێبەجێ کراوە.

---

خستنە ژێر ڕکێفی خۆیان ویستوویانە ناکۆکیی بخەنە نێو سەرکردەکانی هەمەوەند و ناوبراو دژی فەقێ قادر بەکاری بێنن، دواتر لە ڕووداوێکدا لە ساڵی ١٨٥٩ کوژراوە. پاشان هەوڵیان داوە یارمەتی محەمەد بەگ ـی برای عەزیز خاڵەش بدەن هەر بۆ ئەوەی ناکۆکی لەنێو سەرکردەکانی هەمەوەند پەیدا ببێ.

بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە بڕوانە:

١-BOA.,A.MKT.MHM, ١٧١/٦١,(١ Cemaziye'l-evvel ١٢٧٦/٢٧ Kasım ١٨٥٩) .

٢- Osmanlı'da devlet-aşiret ilişkileri: Hemvend örneği (١٨٧٦-١٩١٨), marmara üniversitesi, yüksek lisans tezi, Azmi AYCAN,٢٠١٧.s ٣٢.

٤٣ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٥_٠٠١

٤٤ - هۆزی هەمەوەند و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی ١٧٨٧- ١٩١٨، کەریم ئاغای هەمەوەند، کەرکووك ٢٠١٠، ل ٢٠٨.

٤٥ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

٤٦ - مێجەرسۆن، گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی ناددیاردا، وەرگێرانی مینە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٨، ل ٢٩٠.

٤٧ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٥_٠٠١

٤٨ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٤_٠٠١

هەر لەو بەڵگەنامەیەدا وەك نیازپاکییەك بۆ سەرووی خۆیان، ئەو ئەنجومەنە ئاماژە بەوە دەدا کە پێشتر ئەگەر چی هەمەوەندەکان ٣٥ گوندیان لەبەر دەست بوونە، بەڵام دەوڵەت توانیویەتی باجیان[٤٩] لێ وەربگرێ. (ئەو کاتەی عەشیرەتی ناوبراو پێشتر و ئەو دەمەی لە هەرێمی لیوای ناوبراودا بوون، هەر چەند بە دەسەڵاتی ئەوانیش بێ، ئیدارەی زیاتر لە ٣٥ گوندانیان دەکرد و بە کێشانی ئاستانە بە هەر تەغارێ حەوتسەد و بیست قییە[٥٠]و بە کێشان و پێوانەی سلێمانی نزیکەی ١٧٠ تەغار زەخیرەی ساڵانە و شەست حەفتایەکیش ڕۆژانە لێیان وەرگیراوە و لە گەنجینە[٥١] ماوەتەوە[٥٢]). هێنانەوەی ئەم بابەتە لە بەڵگەنامەکەدا دەرخەری ئەوەیە؛ کە پێشتر هەمەوەندەکان باجیان نەداوە و بەشێك لە ناکۆکییەکانیش لەسەر ئەو سەرکێشییەی هەمەوەندەکان بووە کە ئامادەنەبوونە باج و سەرانە بدەنە دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە ڕاپۆرتەکە وەك نیازپاکییەك و نیشاندانی توانا و دەسەڵاتیان، باسی ئەو چەند جارە دەهێننەوە گۆڕێ کە باجیان لە هەمەوەندەکان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی لانی کەم لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەوڵەتدا توانا و دەسەڵاتی خۆیان بۆ سەرووی خۆیان نیشان بدەن.

دەوڵەتی عوسمانی بەباشی زانیوە، بۆ ئەوەی لە ماوەی نیشتەجێکردنی فەقێ قادر و هەمەوەندییەکان هیچ گرفتێك نەیەتە کایەوە، یارمەتییەکیان بۆ ببڕێتەوە تا فەقێ قادر و هەمەوەندەکان ئاشت بکاتەوە و ببێتە هۆکاری ئەوەی ئەوان واز لە سەرکێشی و بەرهەڵستکاریی خۆیان بێنن، بۆ ئەو مەبەستە دوو هەزار قڕووش تەرخان دەکات، ١٥٠٠ قڕووش بۆ فەقێ قادر و ٥٠٠ قڕووشیش بۆ کوڕانی عەزیز خاڵە بڕیاری بۆ دەردەچێت. (لە بنەڕەتیشدا ژمارەی گەنج و خانەوادەکانیان زۆرن و بێبەشنەکردنیان لە سایە و سێبەری عینایەتی جەنابی پادشا، شایانی شان و شکۆی عالیی پادشایە.

بۆیە هەتاکو بشێ بۆ ئیدارەدان و یەکخستنی خانەوادەکانی ناوبراو و نیشتەجێیەکانی کەرکووك، وەك سەدەقەی سەری جەنابی شەهریار، بۆ فەقێ قادری ناوهاتوو ١٥٠٠ و بۆ ناوبراوانی تر هەر یەك لە کاك عەبدوڵڵا و یادگار ٥٠٠، بە هەموویان ٢٠٠٠ قڕووش[٥٣] وەك چاکە و ئیحسان و لە شێوەی مووچەیەك لە جەنابی وەکالەتپەناوە تەرخان بکرێ[٥٤]).

ئەو بڕیاری نیشتەجێکردنە دەردەچێ، کەچی فەقێ قادر پێیەوە پابەند نابێ و ناچێتە نێو شاری کەرکووك، ئەگەر چی لە نووسراوێکی والیی ئیلایەتی شارەزووریش هاتووە، ئەو گەڕەکەی نێو کەرکووك کە بۆ فەقێ قادر و بنەماڵەکەی دانراوە، ناوی (محلة العمارة[٥٥])یە و گوایە لەوێ نیشتەجێ کراون. تەنانەت لەبەر ئەوەی ژمارەیان هێندە زۆر نییە، والیی شارەزوور پێی وایە پێویست بەو هەموو لوتفنواندنە ناکات لەگەڵیان بکرێ و حەوجێ نییە ئەو بڕە یارمەتییەی کە بۆیان دەرچووبوو بیاندرێتێ. (لەسەر دانی ئەم مووچەیە لە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٧٧ [٥٦] لە فەرماننامەی سامییە کە لەلایەن جەنابی وەکالەتپەناوە وەك خیتاب بۆ حەزرەتی ئیسماعیل پاشای ناوهاتوو شەڕەف وروود بوو، تێیدا ئەوە بەیان کراوە کە نیشتەجێکردنی ئەوان مایەی مەسڵەحەتە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەژماریان کەمن و بە هیچ شێوەیەك سوودیان لێ نابینرێ و ئەو نەرمینواندنە لەگەڵیان پێویست ناکات. لە بەیانی پایەبەرزیش وەڵام وا هاتووە کە لەو ماڵ و سەروەتەی لەپاشیان بەجێماوە مووچەیان بۆ دابین بکرێت. بۆیە سەبارەت بە چاوپۆشین

٤٩ - باج Bac: وشەیەکی فارسییە لە زمانی تورکی بەکارهاتووە و بە واتای سەرانە و باجی کاڵاکان یان ئەو دیارییانەی لەلایەن تاکەکانی گەلەوە پێشکەشی حاکم و سوڵتانەکان دەکرا. ئەم وشەیە لە قانوونامەی سوڵتان محەممەدی فاتح بە واتای ڕسومی فرۆشراوەکان هاتووە، باس لەوە دەکرێت یەکەم کەس ئەو باجەی لە ناو عوسمانییەکان دانا عوسمان بەگی یەکەم بوو، کە لەناو بازاڕی قرەحصاردا دوو ئۆقجەی لەسەر هەر بارێکی کاڵا و شتومەك سەپاند. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

٥٠ - قییە شتێکی کەم لە کیلۆیەك زیاترە.

٥١ - خەزێنە (گەنجینە) Hazîne: ئەو شوێنە بوو کە دوڕ و گەوهەر و شتی گرانبەهای لێ دەپارێزرا، جا ئەو شوێنە هی هەر کەسێك بووایە یان هی دەوڵەت بوایە. لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا دوو خەزێنە هەبوون، خەزێنەیەکیان مالی و دارایی بوو، کە خەزێنەی دەوڵەت بوو و بە خەزێنەی دەرەوە زیاتر دەناسێنرا، هی دووەمیان خەزێنەیەکی تایبەت یان ناوخۆیی بوو، یەکەمیان گرێدراوی دەوڵەت بوو، بەڵام هی دووەمیان تایبەت بوو سەر بە سوڵتان بوو، کە ئەمەش لە سێ بەش یان سێ ژوور لە ناو کۆشك پێکهاتبوو، هەر ژوورێك پڕ بوو لە سامان و شتی گرانبەها. خەزێنەی دەوڵەت زۆر زۆر بوو، وەك پێنجێکی بەرماوەی شەڕەکان، زەکاتی شەرعی، باجی ئاسایی سەر عەرد و ئەرازییەکان، هەروەها ئەو باجانەی کە لەو وڵاتانە دەهاتن کە سەرانە و باجیان دەدایە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها ئەو باجەی کە لەسەر کریستیانەکان دانرابوو، زۆری دیکەش لەو دەرامەتانە. بڕوانە (سهيل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانية التاريخية).

٥٢ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٤_٠٠١

٥٣ - لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا لە قۆناغی دیکەشدا تەرخانکردنی مووچە قسەی لەسەر کراوە، بەڵام تا ئەو کاتەی کە فەقێ قادر مەترسی نەبووە بۆ سەر عوسمانییەکان، هەر کاتێك هەستیان بە مەترسییەکە کردبێ مووچەکەیان ڕاگرتووە، واتە مووچەکەش وەك فشار بووە. ئەوەتا لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ٢٩ی شەووالی ١٢٩٥ی کۆچی (کە دەکاتە بەرامبەر ١٨٧٨/١٠/٢٦ی میلادی) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە لەسەر بنچینەی نیشتەجێکردنی هەمەوەندەکان، ئەو مووچەیەی بۆ فەقێ قادرئاغا و عەلی بەگ و کاك عەبدوڵڵا تەرخان کرابوو کە هەزار قڕووش بوو، ئێستا بڕدراوە. (ŞD.٠٠٢٧٣,٠٠٠٧١,٠٠١).

٥٤ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٤_٠٠١

٥٥ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٨_٠٠١

٥٦ - کە دەکاتە ١٨٦١/٨/١٦ی میلادی.

لـە دانـی مووچـە و نیشـتەجێکردنیان ئیـرادە و فەرمـان دراوە. ٥٧)

لـە بەڵگەنامەکـەدا ناکۆکیـی لەنێـو قسـەکانی والـی و ئـەو ڕاپۆرتانـە دەبینرێ کـە بـۆ والیـی بەرزکراونەتـەوە، چونکـە لـە دوای نزیکـەی ساڵێك ئەنجـا والیـی پێ دەزانێ کـە فەقێ قـادر و بنەماڵەکـەی بەهیـچ شـێوەیەك نەهاتوونەتـە ئـەو گەڕەکـە و لـە شـوێنی تـر لـە باکووری شـارەکە نیشـتەجێ بوونـە، کەچـی وایـان تێگەیانـدووە کـە ئـەو ماوەیـە لەنێـو شـاردا نیشـتەجێ کـراون. (بیـنراوە کـە عەشـیرەتی ناوهاتـوو ئەوکاتـەی هاتوونەتـە ئێـرە لـە لای باکـووری کەرکووکـەوە لـە گوندێـك بـە نـاوی یارەلـی[٥٨] کـە نیـو سـعات لـە کەرکووکـەوە دوورە، چـادر و خێوەتـی خۆیـان هەڵـداوە. لـە هەمـوو لایەکـەوە ئـاگاداری و ئیفـادە ئەوەیـە کـە ئـەوان بـە هیـچ شـێوەیەك نەچوونەتـە گەڕەکـی ناوهاتـوو. جا لـە دژی ئـەم بەیانـە لەگـەڵ ئـەوەی عەشـیرەتی ناوهاتـوو هێشـتا نیشـتەجێ نەکـراون و وەك نیشـتەجێبوو نیشـاندراون[٥٩]). ئـەم بەڵگەنامەیـەش مێـژووی ٩ی مانگـی صەفـەری سـاڵی ١٢٧٨ی کۆچـی[٦٠] پێوەیـە.

هەڵبژاردنـی بەشـی باکـووری شـاری کەرکـووك بـۆ فەقێ قـادر و بنەماڵەکـەی زۆر لەبارتـرە وەك لـەوەی لـە ڕۆژئـاوای شـارەکە بـێ، چونکـە بەشـی باکـوور لانـی کـەم لـە سـنووری زێـدی خۆیـان نزیکـترە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەردەکەوێـت کـە سیسـتەمی ئیداریـی لـە ویلایەتی شـارەزوور لـەو مێـژووەدا زۆر نارێـك بـووە و بەرپرسـانی خـوارەوەی والیـی بـە هیـچ شـێوەیەك ڕاپۆرتـی ڕاسـتیان دەرهەقـی هەمەوەنـدەکان نەداوەتـە سـەرووی خۆیـان، جـا ئەگـەر ئەمـە نموونەیـەك بووبـێ لـە ناڕاسـتیی نێـوان دامـودەزەگاکان لـە شـارەکەدا، دەبـێ لەپێنـاو هەنـدێ بەرژەوەندیـدا زۆر شـتی تـر کـە بـە زەرەری هەمەوەنـدەکان تـەواو بـووە، کـراوە و هەمەوەندەکانیـش بـەو هۆیـەوە پەرێشـان و دەربـەدەر بوونـە.

دەوڵەتـی عوسـمانی ئـەو بـڕە یارمەتییـە دەداتـە فەقـێ قـادر و هەمەوەنـدەکان بـە مەبەسـتی ئارامکردنەوەیـان و نیشـتەجێکردنیان بـە بژێوییەکـی تاڕادەیـەك گونجـاو، بـەڵام هـەر لەنێـو دەوڵەتـدا بەگوێـرەی بەڵگەنامـەکان دەنگـی وا دەبیسـترێ کـە دژی پێدانـی ئەو یارمەتییەشـە، بۆیـە عوسـمانییەکان پێیـان وایـە ئەگـەر لـە گەنجینـەی دەوڵەتیشـەوە مووچەیـان بـۆ دابیـن نەکـرێ، ئـەوا لـە سـەروەت و سـامانی خـودی هەمەوەندییـەکان کـە دەسـتی بەسـەرداگیراوە، هـەر ئەوەیـان پـێ بدرێتـەوە. (لـە ڕوونکردنەوەکـەی جەنابـی پایەبەرزیـش وەڵام وا هاتـووە کـە لـەو مـاڵ و سـەروەتەی لەپاشـیان بەجێمـاوە مووچەیـان بـۆ دابیـن بکرێـت[٦١]). لەگـەڵ ئەوانیشـدا لـە بەڵگەنامەکـەدا نـاوی حوسـێن کاکەمەندیـش هاتـووە و بەشـی ئەویـش بـڕی گەنـم و جـۆ تەرخـان کـراوە.

لـە ناوەڕۆکـی بەڵگەنامەکـە دەردەکەوێـت، کـە یەکێـك لـە هۆکارەکانـی ئـەو مەینەتییانەشـی کـە بەسـەر هەمەوەنـدەکان هاتـووە، تەبانەبـوون و یەکقسـەنەبوونی ئیـدارەی عوسـمانییەکانە لـە هەمبـەر هەمەوەنـدەکان، بەتایبـەت لەنێـوان والیـی ئیالەتـی شـارەزوور لـە کەرکـووك و والیـی بەغـدا و فەرمانـدەی عەسـکەری هومایـۆن، کـە هەریەکەیـان بۆچوونێکـی هەبـووە و لـە دواجـاردا لەسـەر بۆچوونێـك فەرمـان دەرچـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا فەقێ قادریـش سـوودی لـەو ناکۆکییانـەی ئـەوان وەرگرتـووە و بـە هەمـوو فەرمانێکیـان پابەنـد نەبـووە.

والیـی شـارەزوور تاڕادەیەکـی بـاش لە بەڵگەنامەکەدا هەسـت بە ئارامیی دەکات و گوزارشـت لـەوە دەکات کە؛ نیشـتەجێکردنی هەمەوەندەکان و تەرخانکردنـی مووچەیەکـی کاتـی بۆیـان، کاریگەریی باشـی لەسـەر ناوچەکـە دەبێ و دابینکردنی ئاسـایش بۆیـان وای کردووە کـە هەمەوەندەکان دەسـت لـە کاری خـراپ بەربـدەن. هەروەهـا والیـی ناوبـراو دان بـەوەدا دەنێ؛ ئەگـەر ئەمجـارە دەرگای ناڕەحەتیـی هەمەوەنـدەکان بکرێتـەوە ئـەوا کەموکوڕییەکـە لـە خۆیدایـە و مانـای وایـە لـە ئیدارەدانـی ئـەو ویلایەتـە بێدەسـتەڵاتە. (بـەڵام بەگوێـرەی ئـەو بەدواداچوونـەی ئـەو کەسـانە کـە لەلایـەن حەزرەتـی ئیسـماعیل پاشـاوە نیشـتەجێ کـراون و ئاسایشـیان بۆدابیـن کـراوە، ئێسـتا دەسـتیان لـە کاری خـراپ و ناڕەحەتـی بـەرداوە و بـە باشـی ئۆقرەیـان گرتـووە و نیشـتەجێ بوونـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە نوێـوە دەبێـت ڕێ لـە بـەردەم شـکایەت و ناڕەحەتیانـدا نەکرێتـەوە - ئەگـەر ڕێگەیەکـی وەهـا ببێتـەوە، ئـەوەش نیشـانەی خراپـی ئیدارەدانـی منی بـێ دەسـتەڵاتە-٦٢).

## هەڵاتنی فەقێ قادر لە بەغداوە بۆ کرماشان

لـە دیوانەکـەی فەقـێ قـادردا چەنـد شـیعرێك هـەن کـە لـە حەپسـخانەی بەغـداوە نـووسراون، کـە وێـڕای حەپسـخانەکانی کەرکـووك و مووسـڵ، بەغـداش بۆتـە جێـی بەندکردنـی ناوبـراو. لەگـەڵ ئەوەشـدا جوڵـە و کێشـەکانی هەمەوەنـد بەشـێکی بـە بەغـداوە بەندیـوار بـووە و بەشـێك لـەو گرفتانـەش بەغـدا وەك دەسـتەڵاتی بـاڵا پێیـوە خەریـك بـووە.

٥٧ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٨_٠٠١
٥٨ - ئێستا ئەو گوندە کەوتۆتە نێو شارەوانی کەرکووکەوە.
٥٩ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٨_٠٠١
٦٠ - کە دەکاتە ١٨٦١/٨/١٦ی میلادی.
٦١ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٨_٠٠١
٦٢ - MVL_٠٠٧٥٩_٠٠٠٦٩_٠٠٨_٠٠١

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ٧ـی ڕەجەبی ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی ]کە دەکاتە ١٨٦٧/١١/٤ی میلادی[ لەسەرە، ئەحمەد ناظم ـی مەسلەحەتگوزاری تاران نامەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی نووسیوە و زانیاریی ئەوەی پێداوە کە دوای ئەوەی شێخ ئەحمەد مەعرووف سلێمانیەلی٦٣ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید بەهۆی تۆمەتێکەوە دوو سێ مانگ بوو بۆ بەغدا دوورخرابوویەوە، لەوێ بە هاندانی هەندێ خەڵکی ئێران، لەگەڵ فەقێ قادری سەرۆکی عەشیرەتی ئەشقیای هەمەوەند لە بەغداوە هەڵدێن و دەچنە کرماشان، لە کرماشانیش فەقێ قادر لەگەڵ چەند کەسی دیکە بەرەو لای حوسێن قولی خان ی حاکمی لوڕستان دەچێ و لای ئەو زۆر ڕێزیان لێ دەگرن و هاوکارییان دەکەن٦٤. تەنانەت بە سەرۆکایەتی فەقێ قادر لەوێ لەشکرێك دروست دەکرێ و زاتی ئەوە دەکەن کە هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی. لە لایەکی دیکەشەوە لەو بارەوە نووسراو لەنێوان ئێرانییەکان و والی بەغدا و سەفارەت و وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی ئاڵوگۆڕکراوە٦٥.

ئەگەر چی ئەم بەڵگەی سەرەوە زیاتر تایبەتە بە شێخ ئەحمەد مەعرووف سلێمانییەلی، بەڵام لەبارەی فەقێ قادریش ئەو ڕاستییەی تێدایە کە ناوبراو لەو ساڵەدا پەنای بردۆتە بەر حوسێن قولی خان و ماوەیەك لای ئەو ماوەتەوە. ئەمەش بەڵگەی پتەویی پەیوەندیی نێوان فەقێ قادر و والیی لوڕستان نیشان دەدات٦٦.

لە لایەکی دیکەوە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە فەقێ قادر لەو ساڵەدا لە بەغدا دەستبەسەر بووە و ئەو ساڵە هاوکاتە لەگەڵ سەروبەری لاچوونی نامیق پاشا (١٨٠٤-١٨٩٢) لە پۆستی والیی بەغدا، کە ئەمە دووەم جاری بوو ببێتە والیی بەغدا لەنێوان ساڵەکانی (١٨٦١-١٨٦٨)٦٧ بوو و نێوانیشی لەگەڵ فەقێ قادر زۆر ناخۆش بوو٦٨ و دوای لاچوونی ئەو، محەمەد تەقیەدین پاشا دەبێتە والی و ئەویش دوو ساڵ والییەتی دەکات.

## گەڕانەوەی فەقێ قادر بۆ کەرکووك

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٨ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی (٩ / ٧ / ١٨٦٨ی میلادی) لەسەر نووسراوە، تێیدا (محەمەد تەقیەدین) ی موتەسەڕیفی کەرکووك نامەیەکی بۆ سەدارەتی خەلافەت ناردووە و ئاماژەی بەوە کردووە؛ سەرۆکی تاقمی هەمەوەند کە لە پەیڕەوانی دەوڵەتی عوسمانییە و خۆی و هەژدە کەسی لەگەڵ، لە بەغدا و شارەزوورەوە بەرەو ئێران ڕایانکردبوو، ماوەیەك مابوونەوە، ئەمڕۆ فەقێ قادر سێزدە کەس لە هاوڕێیانی بەخۆیان و ئێستر و ئەسپ و چەکەکانیانەوە هاتوونەتەوە موتەسەڕیفییەتی شارەزوور و بە کەفالەت تەسلیمبوونەوەکەیان قبوڵ کراوە. عەشیرەتی شێخ بزێنی کە عەشیرەتێکی شارەزوورە ئەویش کەفالەتیان دەکات. پێنج کەسیش لەو هەمەوەندانە تا ئێستا لە خاکی ئێران ماونەتەوە٦٩.

ئەم پەیامە دواتر بۆ والیی بەغداش نێردراوە و ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە محەمەد تەقیەدینی والیی شارەزوور جۆرێك نەرمیی پێوە دیارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەمەوەندییەکان بە بەراورد لەگەڵ والیی بەغدا، لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی هۆزی شێخ بزێنی بۆ

٦٣ - ئێمە وای بۆ دەچین ئەمە کاك ئەحمەدی شێخ بێ، بەڵام ئێستا هیچ سەرچاوەیەکمان لە بەردەست نییە کە باس لە سەفەری ناوبراو بکات بۆ کرماشان. چاوەڕێین بە وروژاندنی ئەم بەڵگەیە، ئیتر لایەنی تاریکی مێژووی ئەو زانایەش ڕوون ببێتەوە.

٦٤ - هەر بۆ پشتگیریی ئەم بەڵگەنامەیە، بەڵگەنامەیەکی تر هەیە مێژووی ١٩ی ڕەجەبی ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی لەسەرە، ئاماژە بەوە دەکات کە لە کرماشان فەقێ قادر دەچێتە لای ئیبراهیم پاشا و لە زەهاو لای نیاز خان هەشتسەد قڕانیان دەدرێتێ و ئەو هەمەوەندانەی پیادەن ئەسپ و چەکیان پێ دەدرێ و پاشان بەرەو لای حوسێن قولی خان دەچن. بڕوانە (HR.MKT.٠١٠,٠٠٠٩٥,٠٠٦٨٨).

٦٥ - HR.MKT.٠٠٢,٠٠٠٧٧,٠٠٦٠٠

٦٦ - لە بەشێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا و لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە جارێکی دیکە فەقێ قادر هەوڵی ئەوە دەدا پەنا باتە بەر حوسێن قولی خان. بڕوانە سەرناوی نێو ئەم توێژینەوەیە: هەوڵی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان بۆ چوونە لوڕستان.

٦٧ - لەبەر ئەوەی ساڵی لاچوونی نامیق پاشا لە والییەتی بەغدا بە ساڵی کۆچی نووسراوە، بۆیە زۆر لە توێژەران بەرامبەر ساڵی ١٨٦٧یان داناوە. بەڵام لە توێژینەوەی د. ئەبوبەکر جەیلان کە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی عوسمانی لێکی داوەتەوە و مێژووی لاچوونی بە مانگی مایسی ساڵی ١٨٦٨ داناوە. واتە قۆناغی دووەمی والیێتی ناوبراو حەوت ساڵ و شەش مانگ بووە. بڕوانە:
Dr. Ebubekir Ceylan, Namık Paşa'nın Bağdat Valilikleri, Toplumsal Tarih ١٨٦ Haziran ٢٠٠٩,s ٦٠-٦٨.

٦٨ - ئەمە لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە، وەك:
نەمیمەی نامیق جە دارولسەلام
سەند جە دار وەن بەرگ نکوونام
خار موغەیلان عەرەب عوریان کەرد
ئاسار ئەکراد مەست زیان کەرد
بڕوانە: (کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، ل ٨٠٥)

٦٩ - MKT.MHM.A.{٠٠٢,٠٠٠٨٣,٠٠٤١٥

هەمەوەنـدەکان دەرخـەری ئەوەیـە کـە؛ هەمەوەنـدەکان لـە ناوچەکـەدا پەیوەندییـان لەگـەڵ هـۆز و تیـرەکان بـاش بـووە و لـە ڕووداوێـکی ئـاوادا هەڵوێـستیان لـە هەمبـەر هەمەوەنـدەکان ئەرێنـی بـووە.

## فەقێ قادر و شەڕێکی سەر سنوور

یەکـێ لـەو گرفتانـەی بـەردەم لێکۆڵینـەوەی ژیانـی فەقـێ قـادر، لەبـەر زۆریـی ئاوارەبوونـی و هاتـن و چوونـی لەسـەر سـنووری عوسـمانی-ئێرانـی، ئاسـان نییـە یـەك بەدواییـەك سـاڵەکان دیـار بکرێـن و مـاوەی مانـەوەی لـە ئێـران یـان لەسـەر سـنوور جێگیـر بکـرێ. بۆیـە ئەوەنـدەی هەیـە بەگوێـرەی بەڵگەنامـەکان ئـاگاداری بەشـێك لـە هەواڵەکانـی دەبیـن.

لـە بەڵگەنامەیەکـدا کـە شـێوەی تەلەگرافنامەیـە و لـە بەغـداوە بـۆ ئەسـتەنبوڵ نێـردراوە و مێـژووی ١٢٨٨/٣/٢٩ی ڕۆمـی (کـە دەکاتـە ١٨٧٢/٤/١٠ی میلادی) لەسـەرە، ئامـاژە بـە شـەڕێکی هەمەوەنـدەکان دەکات لەگـەڵ عوسـمانییەکان لەسـەر سـنوور و تێیـدا نزیـك دە کـەس دەکوژرێـن و ٣٥ کەسـیش بریندار دەبـن. دوای شـەڕەکە فەقـێ قـادر و سـەرۆکەکانی دیکـەی هەمەوەنـد لەسـەر سـنوور دوو ڕۆژ دەمێننـەوە و نێـردراو دەنێـرن و داوای لێخۆشـبوون لـە عوسـمانییەکان دەکـەن و دەیانـەوێ خۆیـان ڕادەسـت بکەنـەوە. وا دیـارە ئەوانـە زاتـی ئەوەیـان کـردووە هێـرش بکەنـە سـەر مۆڵگەکانـی سـەر سـنوور و بڕیـاری دەوڵەتیـش وایـە لەوانـە بـترازێ کـە چەکیـان فڕێـداوە، ئەگەرنـا ئەوانیـتر لـە بەغـدا دەبـێ سـزای ئیعـدام وەربگـرن.٧٠

لەمـەوە بەدەردەکەوێـت کـە لـەو سـاڵەدا فەقـێ قـادر و هاوەڵەکانـی لەسـەر سـنوور لـەو شـەڕەدا گلاون و عوسـمانییەکانیش هەڵوێـستیان دەرهەقیـان زۆر توندوتیـژ بـووە و وا دیـارە کـوژراو و برینداریـش لـە شـەڕەکەدا هەبـووە.

## فەقێ قادر لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا

ئەگـەر چـی لەنێـو بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیدا، سـەبارەت بـە فەقـێ قـادر دوو قۆناغـی گرنـگ دەبینرێـت، قۆناغـی سـاڵی ١٨٦١ و قۆناغـی سـاڵی ١٨٨٧ی زایینـی، نزیکـەی ٢٥ سـاڵی ژیانـی ناوبـراو کـە لـە نێـوان ١٨٦٢ بـۆ ١٨٨٦ــە لـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیدا شـتێکی ئەوتـۆی لەبـارەوە نابیـنرێ[٧١].

فەقـێ قـادر و هاوەڵەکانـی لـە عەشـیرەتی هەمەوەنـد وا دیـارە چەندیـن جـار ئـاوارە و دەربـەدەر بوونـە و بـەرەو ناوچـەی کرماشـان کشـاونەتەوە و چوونەتـە خاکـی ئێـران و دواتـر بـە دانوسـتان و خۆڕادەسـتکردن بـێ، یـان بـە شـەڕ و تێکهەڵچـوون گەڕاونەتـەوە زێـد و ناوچەکانـی خۆیـان. بێگومـان تـا ئێسـتا لـە ڕوانگـەی بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیدا شـتێکی ئەوتـۆ لەبـارەی ژیانـی هەمەوەنـدەکان لـە ئاوارەییـدا نەنـووسراوە، لـە کاتێکـدا بەشـێکی گرنگـی ژیانـی فەقـێ قـادر و هاوەڵانـی لـە ئاوارەیـی و دەربەدەریـدا بـووە و وێـستگەکانی ژیانـی ئاوارەیـی و ناکۆکییەکانیـان لەنێـوان دوو بەرداشـی عوسـمانی و قاجاریـدا جێـی هەڵوەستەلەسـەرکردنە. لێـرەدا تیشـك دەخەینـە سـەر ئـەو سـەردەمە و ڕۆڵـی فەقـێ قـادر لـە ململانێـی نێـوان ئـەو دوو هێـزە گەورەیـەدا و ڕەوشـی ژیانـی هەمەوەنـدەکان بەگوێـرەی بەڵگەنامەکانـی عوسـمانی.

## فەقێ قادر لە سنووری ئێراندا

بەگوێـرەی بەڵگەنامەیـەك کـە مێـژووی ١٣٠٤/١/٦ی کۆچیـی لـێ نـووسراوە کـە دەکاتـە بەرامبـەری ١٨٨٦/١٠/٦ی زایینـی، ئـەوەی تێـدا بـاس کـراوە کـە فەقـێ قـادر لەگـەڵ بنەماڵەکـەی لـە سـنووری نێـوان عوسـمانی و ئێرانییەکانـە، بـەو هۆیـەوە سـەفارەتی عوسـمانی لـە تـاران لـە نامەیەکـدا جەختـی لـەوە کردۆتـەوە کـە فەقـێ قـادر و بنەماڵەکـەی لـە خاکـی بـن دەسـەڵاتی عوسـمانییەکانەوە پەنایـان بـۆ ئێـران هێنـاوە و لـە ڕێـی سـەفارەتی عوسـمانییەوە هـەوڵ دراوە فشـار بخرێتـە سـەر دەسـەڵاتی ئێـران کـە نەهێڵـێ ئـەوان لـە ئێـران نیشـتەجێ بـن و ناچاریـان بکـەن بگەڕێنـەوە خاکـی عوسـمانی. (لەلایـەن سـەفارەتی سـەنییەی تارانـەوە ڕاگەیەنـدراوە کـە فەقـێ قـادری سـەرۆکی هەمەوەندییانـی ئێمـە، لەگـەڵ ئـەولاد و بنەماڵـەی خۆیـەوە کۆچیـان کـردووە و چوونـە لـە ئێـران و لـە شـوێنێکی نزیـك سـنوور نیشـتەجێ بوونـە، جـا لەلایـەن نیزامـەوە ئـەوە ڕاگەیانـدراوە بـۆ قەدەغەکردنـی نیشـتەجێبوونی ئـەوان لەسـەر سـنوور هێزێکـی لەشـکری دەخالـەت بـکات و بۆیـان بجوڵێندرێـت، جـا ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەوان لـە نوێـوە بگەڕێنـەوە مەملەکەتـی شـاهانە (وڵاتـی عوسـمانییان). ئـەو لەشـکرە نیزامییـەی کـە لـە دژی ئەوانـەوە جوڵەیـان پێکـراوە و وایـان لێکـردوون کـە ناچاربـن بـەرەو لای ئێمـە بێنـەوە[٧٢]).

٧٠ - ٠٠٧٤١,٠٠٠٠٤,٠٠٢.HR.MKT

٧١ - ئـەوەی ئێمـە بەدوایـدا گەڕایـن شـتێکی ئەوتـۆ نەبـوو، دەشـێ ڕۆژگارێـك بـێ بەڵگەنامـەی زیاتـر لـەو مێـژووەدا سـەبارەت بـە فەقـێ قـادر بدۆزرێتـەوە. ئـەو ماوەیەشـی کـە فەقـێ قـادر لـە زینـدان بـووە، هەڵبـەت هیـچ جووڵـە و بزاڤێکـی ناوبـراو نابیـنرێ. بـۆ وێنـە (فەقـێ لانـی کەمـی لـە ١٢٩٧ی هیجرییـەوە تـا جومـادای یەکەمـی ١٣٠٢ لـە بەندیخانـەی کەرکـووك بـووە کـە ئەکاتـە نزیکـەی پێنـج سـاڵ و نیـو). (کۆمەڵـەی شـیعری فەقـێ قـادری هەمەوەنـد، ل ٥٥).

٧٢ - ٠٠١_٠٠١_٠٠٠٥٩_٠١٣٧٠_DH_MKT

وا دیارە فەقێ قادر و هاوەڵانی بەرگرییەکی باشیان کردووە و عوسمانییەکان سەریان لەو بەرگری و بەرخودانەیان سوڕماوە، کە لەنێوان هەر دوو دەوڵەتدا هەمەوەندەکان توانیویانە خۆیان ڕابگرن و بەرگریی بکەن، بۆیە دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەیان لەسەر سنوور، پشتیوانیی هۆزەکانی کوردی ناو خاکی عوسمانییە بۆ فەقێ قادر و هەمەوەندەکان، بێ ئەوەی ناوی هۆزەکان بهێنێ. (هۆکاری بەردەوامیی بەرگری و موقاوەمەتی عەشیرەتی یاخیبووەکان هاوکاری و یارمەتیدانی عەشیرەتەکانی لای ئێمەیە[٧٣]).

هەر لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە پێویستە فەقێ قادر و ئەو هەمەوەندانەی کە لەگەڵیدا یاخیی بوونە، سزا بدرێن، بۆیە دەیانەوێ بە ڕاوێژ لەگەڵ مووسڵ و هەکاری پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە ببەستن بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکەن سەبارەت بە ناردنەوەی هەمەوەندەکان، تا عوسمانییەکان بیانخەنەوە ژێر دەستی خۆیان و سزایان بدەن.

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٠٤/٤/١١ی ڕۆمی لەسەرە، کە دەکاتە بەرامبەر ١٨٨٧/٤/٢٣ی زایینی تەلەگرافنامەیەکی ئیسماعیل حەققییە[٧٤] لە مووسڵەوە بۆ سەدارەتی ناردووە و تێیدا چەند زانیارییەکی لەسەر هەمەوەندەکانی سەر سنوور باس کردووە، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

یەکەم: لە سەرەتای ئەو مانگەوە هەڵمەتێکی گرتنی هەمەوەندەکانیان لە شارەزوور دەست پێ کردووە و تا ئێستا ئەوانەی گیراون ژمارەیان دەگاتە ٤٢٥ کەس.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەو ژمارەیە زۆرە و لە زیندانی شارەزوور جێگەیان نابێتەوە، بڕیاردراوە کە بۆ شاری مووسڵیان بگوازنەوە.

سێیەم: هەوڵ دراوە کۆنترۆڵی ئەو شوێنانە بکرێ کە هاوەڵەکانی فەقێ قادر و حەمە سلێمان کۆمەڵ کۆمەڵ دەگەڕێن و خۆیان دەشارنەوە و هەندێکیشیان خۆیان ڕادەست کردووە. (حاڵی حازر ئەگەری ئەوە هەیە کە لەم هەرێمەدا ژمارەی ئەو هەمەوەندانەی کە لەگەڵ فەقێ قادر، حەمە سلێمان و مەحموود خدر وەك چەتە، پازدە یان بیست بیست کەس دەگەڕێن و هەموویشی نزیکەی حەفتا کەس دەبن، هاتن و تەسلیم بوون[٧٥]).

چوارەم: فەقێ قادر و حەمە سلێمان کە ڕابەرایەتی جووڵانەوەکە دەکەن، هێشتا نەهاتوونەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان ڕادەست بکەن، (لە ئەشکەوتان خۆیان شاردۆتەوە. خەڵکی بنەماڵەی ئەوان و هەندێك لە شێخەکانی گوندەکەی، لە لای خۆیان شاردوویاننەوە[٧٦]).

پێنجەم: ئەگەر چی ئەوان ناچار بوونە کە هەر دەبێ خۆیان ڕادەست بکەن و بهێنرێنە کەرکووك، بەڵام (بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەین شەو و ڕۆژ لە هەوڵ و تێکۆشین داین. بە سایەی قودرەتی حەزرەتی پادشا و تەوەجووهی خاوەن شکۆوە هیوای دەستگیرکردنیان نزیکە[٧٧]).

شەشەم: (لەو لێکۆڵینەوانەی کراون، ئەنجامەکە ئەوەی لێ دەفێمرێتەوە کە حاکمی کرماشان حەزرەتی حسام الملك[٧٨] ئەو کاتەی لە قەسری شیرین گەڕاوەتەوە چل کەس لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی هەمەوەند کە لەوێ بوونە لەگەڵ خۆی بۆ کرماشان هێناونەتەوە[٧٩]).

حەفتەیەك دوای ئەو تەلەگرافنامەیەی موشیر ئیسماعیل حەققی بۆ سەدارەت، سەدری ئەعزەم[٨٠] وەڵام دەداتەوە و ڕایدەگەیەنێ کە

---

٧٣ - DH_MKT__٠١٣٧٠_٠٠٠٥٩_٠٠١_٠٠١

٧٤ - ئیسماعیل حەققی قورت یان کورد(بۆچوونی جیاواز لەسەر نازناوەکەی هەیە)، لە کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانییە و لە بنەماڵەیەکی بتلیسییەکانە و لە ساڵی ١٨١٨ لە قارس لەدایك بووە. دوای ساڵی ١٨٦٠ بە پلەیەکی بەرز چۆتە نێو لەشکری عوسمانی، زۆر وەزیفەی سەربازی و کارگێریی لە ویلایەتەکانی کوردستان/ دیاربەکر، خەرپوت و ئەرزڕۆم هەبووە. لە شەڕی ساڵی ١٢٩١ی کۆچی فەرماندەی میحوەری بایەزیدی بووە. ساڵی ١٣٠٥ی ڕۆمی وەك فەرماندەی هێزی چاکسازی نێردراوە بۆ عێراق و شەش مانگ لە کەرکووك ماوەتەوە و هەر بە پێشنیازی ئەویش هەمەوەندەکان بۆ تەڕابلوسی ڕۆژئاوا ڕاگوێزران. لە ١٨٩٧/٢/٢٢ لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە. (بۆ بەشێك لەم زانیارییانە بڕوانە ویکیپیدیای تورکی، هەروەها محمد امین زکی بك، مشاهر الکرد وکردستان، ترجمة السیدة کریمتە، ص١١٦).

٧٥ - Y_A_HUS__٠٠٢٠٢_٠٠٠١٧_٠٠٢_٠٠١

٧٦ - Y_A_HUS__٠٠٢٠٢_٠٠٠١٧_٠٠٢_٠٠١

٧٧ - Y_A_HUS__٠٠٢٠٢_٠٠٠١٧_٠٠٢_٠٠١

٧٨ - حسام الملك حکومڕانی کرماشان بوو، لەلایەن ظل السلطانەوە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچی لە کرماشان دەست بەکاربوو، لە سەردەمی حکومڕانی ئەودا زۆر لە کەسایەتی عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە گیران و کوژران. (مطلب مطلبی، ص ٦٥).

٧٩ - Y_A_HUS_٠٠٢٠٢_٠٠٠١٧_٠٠٢_٠٠١

٨٠ - سەدری ئەعزەم Sadr-ı a'zam: ئەو کەسە بوو کە پلەی سەرۆك وەزیرانی هەبوو لە دەوڵەتی عوسمانی، ئەم کەسە وەکیلی ڕەهای سوڵتان بوو. بەڵام بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان ئەو و وەزیرەکانی تر هەبێت، ناونرا وەزیری ئەعزەم. هەروەها بە سەدری عالی و ساحێبی دەوڵەتیش ناودەنرا. بەڵام نازناوی سەدری ئەعزەم زیاتر لە نازناوەکانی دیکە پەرش و بڵاوبوو. ئەم سەدری ئەعزەمە دەستەڵاتێکی ڕەهای لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت هەبوو، تەنانەت

(تێبینی ئەوە کراوە کە فەقێ قادر و (حەمە سلێمان)ی هەمەوەندی کە لە ئێران وەڵامێکی نائومێدکەرانەی وەرگرتووە و هاتوونەتە تخووب و سنووری ئێمە و لە نوێوە چوونەتە ئێران و دەستیان بە خراپە و خراپەکاری کردووە. لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییەی کە بە سەفارەتی ئێرانەوە کراوە، کە هەم ئەو کەسە و هەمیش نموونەی کەسانی وەك ئەو جارێکی دیکە نەتوانن بچنە ئێران و نیشتەجێبوونی ئەوان لە سنوورێکی دووردا و لەسەر ئەو پرسیارەی کە زانیاریی داوا دەکات، وەك وەڵامێك لەو تەلەگرافنامەیەی کە لەلایەن حەزرەتی ئیسماعیل پاشاوە هاوپێچ کرابوو، ئەوەی لێ دەفێمرێتەوە کە دەست و برد کراوە بۆ ڕادەستکردنەوە و دەستگیرکردنی چەتەی ناوبراو و لە ماوەیەکی نزیکدا تەسلیم بکرێنەوە ٨١).

لەمەوە دەردەکەوێت کە لە ئاستی باڵادا هەماهەنگیی لەنێوان عوسمانییەکان و قاجارییەکان هەبووە و حسام الملك ی حاکمی کرماشان بۆتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم جووڵەی فەقێ قادر و هاوەڵانی و ناچاری کردوون کە؛ بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و خۆیان ڕادەستی عوسمانییەکان بکەنەوە.

## هەوڵی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان بۆ چوونە لوڕستان

فەقێ قادر دوای ئەوەی دڵنیا دەبێتەوە کە ئیدی ناتوانێ لە خاکی ئێران بەگشتی و ناوچەکانی بن دەسەڵاتی حاکمی کرماشان بمێنێتەوە. لە لایەکی تریش خۆڕادەستکردنەوەی بە عوسمانییەکان چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی دەکات، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات بچێتە لوڕستان و خۆی و هاوەڵەکانی لای حاکمی لوڕستان پەنا بدات. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٦ی میلادی لەسەرە، ئاماژە بەوە کراوە کە لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا کۆمەڵێك لە تاقمی فەقێ قادر و حەمە سلێمان (حەمەی مام سلێمان) و تیرەی ڕەشەوەند و هەمەوەندەکان ویستوویانە بچنە لای حوسێن قولی خان[٨٢] ی حاکمی لوڕستان و لەوێ خۆیان پەنا بدەن، بەڵام بەربەستی ڕێگەیان هەیە و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هێرش بکەنە سەر مەندەلی و مەندەلی بگرن تا لە ڕێگەی مەندەلییەوە بچنە لوڕستان[٨٣].

ئەوانە دووسەد سوار بوونە و لە ئەنجامی ئەو هێرشە توانیویانە سنوورەکە بگرن و ناوچەکە بخەنە بن دەستی خۆیان و بەشێك لەو هەمەوەندانە بچنە لوڕستان. لە لایەکی دیکەشەوە جوامێر هەندێ لە هەمەوەندەکانی لە بەرامبەر پێدانی کرێ چەکدار کردبوو و لە ناوچەکانی چیای حەمرێن ئاژاوەیان نابووەوە، بۆیە هەماهەنگیی دەکرێ لەنێوان سوپای شەشەمینی عوسمانی و ویلایەتی مووسڵ بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و کەمکردنەوەی زەرەر و زیانی هێرشی هەمەوەندەکان. لە لایەکی ترەوە عوسمانییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە لە دیوی خاکی عوسمانییەوە ناکۆکیی عەشیرەتەکان لەگەڵ یەکتر قووڵتر بکەنەوە، وەك ناکۆکیی نێوان تاڵەبانی و بەرزنجییەکان و هەمووشیان لەگەڵ هەمەوەندەکان. ئەو ماوەیەش هاوکاتە لەگەڵ حوکمی تەحسین پاشای والیی مووسڵ، ناوبراو دەیەویست لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆی چارەسەری کێشەی هەمەوەندەکان بکات، بۆیە لەلایەك پێشنیازی ئەوەی دەکرد کە هەندێ لەو هەمەوەندە یاخییانە لە دەوڵەت دابمەزرێنێ و بەرپرسیارییەتیان پێبدات تا مەترسییان کەم بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەو هەمەوەندانەی کە خۆیان ڕادەست کردۆتەوە و ئێستا چەکدار نین. لەلایەکی دیکەوە پێشنیازی ئەوەی داوەتە دەوڵەت کە هەمەوەندە گەڕێنراوەکان لە ناوچەی هەولێر بە پچڕپچڕی نیشتەجێ بکرێن و لانی کەم ٦٠ سعات دووری سنوور بن، تا جارێکی تر نزیکی سنووری ئێران نەبنەوە.[٨٤]

لە بەڵگەنامەکەدا بە وردی ئاماژە بەوە نادا کە خودی فەقێ قادر چووبێتە لوڕستان، بەڵام بەشێك لە هاوەڵەکانی ئەو بوونە و ئەویش دوای دوو مانگی تر برینداریش دەبێ و دواتریش بە ناچاری دەگەڕێتەوە بن دەسەڵاتی عوسمانی. وا دیارە فەقێ قادر پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حوسێن قولی خان هەبووە و تەنانەت ئەم شیعرەشی لە ستایشی ئەودا نووسیوە:

---

مۆری سوڵتانی لەلابوو. سەرۆکی دیوانی هومایۆن و هەموو ئەو فەرمانانە بوو کە دەردەکران بۆ دامەزراندن یان لەکارلادان یان کوشتن و لەلایەن ئەوەوە دەردەچوون. ئەوەندە هەبوو لەو بابەتانەی پەیوەندی بە یەکێك لە وەزیرەکان یان قازیی سەربازی، یان شێخولئیسلام هەبوو ئیزنی لە سوڵتان وەردەگرت. بەڵام لە کاتی شەڕدا ئیزنی لە سوڵتان وەرنەدەگرت. ئەگەرچی سوڵتانیش هەموو دەستەڵاتێکی هەبوو کە سەدری ئەعزەم لەسەر کار لابدات یان بیکوژێت. ئەو فەرمانگەیەی کە سەدری ئەعزەم کاری تێدا دەکرد بە بابی پاشا و بابی ئاصەفی ناودەبرا. بڕوانە (سهیل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانیة التاریخیة).

٨١ - Y_A_HUS_٠٠٢٠٢_٠٠٠١٧_٠٠١_٠٠١

٨٢ - حوسێن قولی خان (ابو قدارە) والیی ناوچەی پشتکۆ بووە، لە ساڵی ١٨٣٢ لەدایك بووە و لە گەنجێتیدا دژی باوك و ئامۆزاکەی عەباس قولی خان شۆڕشی کردووە و ئاوارەی ناوچەی خانەقین و مەندەلی بووە و دواتر کەوتۆتە خاکی عوسمانی و لە بەغدا پەنابەر بووە. لە نێوان ساڵانی ١٨٦٣ تا ١٩٠٠ی میلادی لە ناوچەی پشتکۆ دەسەڵاتدار بووە. پەیوەندیی لەگەڵ ناسرەدین شا باش بووە و نازناوی صارم السلطنە و فتح السلطنە ی لای ئەو دراوەتێ. لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا و لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی، مردووە و لە نەجەف نێژراوە.

٨٣ - Y.A.RES, ٣٥-١٠, S ٢, ٣, ٤ , ٥.

٨٤ - سەرچاوەی پێشوو، هەروەها بۆ زیاتر زانیاریی لەبارەی هەڵوێستی تەحسین پاشا لە هەمبەری هەمەوەندەکان بڕوانە تێزی ماستەری:

Osmanlı'da devlet-aşiret ilişkileri: Hemvend örneği (١٨٧٦-١٩١٨), Azmi AYCAN, yüksek lisans tezi, marmara üniversitesi, ٢٠١٧.s ٥٧-٦٠.

بەزم سورووڕەن، بەزم سورووڕەن
های بادەی فەیلی بەزم سورووڕەن
های ئاهەنگ عەیش ڕۆح نە حوزووڕەن
های غوڵام خۆشنوود، خواجە مەسرووڕەن

های مەحفەل ئارای کاوس تەلعەتەن
های شادیی دەماغ بەزم عێشرەتەن
های سەهم سەرتیپ بەهرام سەولەتەن
های والیی فەیلی فەخر میللەتەن
نە بەخشای درهەم حاتەم دەستووڕەن
های غوڵام خۆشنوود، خواجە مەسرووڕەن
تا دەگاتە:
نادر ئەساسەن، خوسرەو بونیادەن
فەیلی مەقامەن، والی نەژادەن
جە مەردان هەر کەس مەردیش جە یادەن
ئەسباب مەردی نەی جا ئامادەن
«فەقێ» مەیل دڵ والییش مەنزووڕەن
های غولام خۆشنوود، خواجە مەسرووڕەن[٨٥]

## برینداربوونی فەقێ قادر لە شەڕێکدا

دوای ئـەوەی فەقـێ قـادر بێئومێـد دەبـێ لـەوەی کـە لـە ئێـران جێگـەی ببێتـەوە و عوسـمانی و قاجارییـەکان ڕێکدەکـەون کـە فەقـێ قـادر و هاوەڵەکانـی لـە خاکـی ئێـران وەدەربنێـن، فەقـێ قـادر لـە مانگـی دیسـەمبەری سـاڵی ١٨٨٦ دا دەکەوێتـە شـەڕ لەگـەڵ حکومەتـی قاجـاری کـە عەشـیرەتە کوردەکانـی ئـەو سـنوورە بـەزۆری شـەڕەکەیان دەکـرد و لـەو شـەڕەدا فەقـێ قـادر برینـدار دەبێـت و جارێکـی دیکـە ئـەو خەڵکـەی لەگەڵیدایـە پەڕاگەنـدە دەبـن و هەنـدێ لـەوان بـە ڕێگـەی سـنوورەوە خۆیـان دەگەیەنـە ناوچەکانـی خۆیـان و مووسـڵ، هەندێکـی دیکەیـان خۆیـان دەگەیەننـە نێـو عەشـیرەتی جـاف و لەگـەڵ جافـەکان خۆیـان کۆدەکەنـەوە و دەبنـە هاوپەیـمان بـۆ ئـەوەی هێـرش بکەنـە سـەر ناوچـەی زەهـاو.

ئەگـەر چـی حکومەتـی عوسـمانی لەشـکرێکی دوازدەهـەزار چەکداریـی لەسـەر سـنوور جێگیـر کردبـوو، بـەڵام قاجـارەکان ترسـیان گەیشـتێ و لـە ترسـی ئـەوەی نەبـادا فەقـێ قـادر و هەمەوەنـدەکان جارێکـی تـر هێـرش بکەنە سـەر خاکی ئێـران، ظـل السـلطان داوای لە عوسـمانییەکان کـرد هێـزی زیاتـر بنێرنـە سـەر سـنوور بـۆ ئـەوەی ببنـە بەربەسـت لـە بـەردەم هێرشـی هەمەوەنـدەکان بـۆ سـەر خاکـی ئێـران[86].

ئـەم بەڵگەنامەیـە کـە ئـەو زانیارییانـەی سـەرەوەی تێـدا تۆمارکـراوە مێـژووی ١٨٨٦/١٢/٢٢ی میـلادی لەسـەرە، ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە وێـڕای برینداربوونـی فەقـێ قادریـش، هەمەوەنـدەکان هەوڵیـان داوە لـە ڕێـی هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ جافـەکان بتوانـن جارێکـی دیکـە بگەڕێنـەوە ئێـران و ناوچـەی زەهـاو، چونکـە لـەوە دڵنیابوونـە کـە چارەنووسـیان لـە بـن دەسـەڵاتی عوسـمانی ئاوارەیـی و پەڕاگەندەییـە، هـەر وەك دواتریـش ئـەو ئەنجامـەی لێکەوتـەوە.

---

٨٥ - کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، ل ٧٨٩.
٨٦ - HR.TO, ١٠٤-٦٥ .

## جارێکی دیکە ناچاربوونی فەقێ قادر بۆ گەڕانەوە

دوای ئەوەی فەقێ قادر دەکەوێتە نێوان هەر دوو بەرداشی عوسمانی و قاجاری، عوسمانییەکان لە ڕێی سەفارەتەکەیان لە تاران، فشار دەخەنە سەر حکومەتی ئێرانی بۆ وەدەرنانی فەقێ قادر و هاوەڵەکانی، ئیدی فەقێ قادر دوای بەرگرییەکی زۆر و بریندار‌بوونی و پاش نزیکەی دوو مانگ ناچار دەبێ کە خۆی ڕادەستی عوسمانییەکان بکاتەوە.

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٠٤/٥/١٤ی کۆچی بەرامبەر ١٨٨٧/٢/٨ی زایینی لەسەر نووسراوە، وا دیارە لە سەرەتای ئەو ساڵەدا فەقێ قادر بە خۆی و دوو سەد لە سوارەکانی داوای هاتنەوە دەکەن و عوسمانییەکانیش بابەتەکە گەنگەشە دەکەن. (فەقێ قادر یەك لە سەرۆکەکانی هەمەوەند و دووسەد کەس لە سوارەکانی کە بە فیراری چووبوونە ئێران، ئێستا خۆیان هاویشتۆتەوە ماڵی عوسمانی و داوای هاتنەوە دەکەن. لەسەر داواکاریی دەخالەتیان، پرسی ویلایەتی مووسڵ کراوە، کە هۆکاری ڕووداوی دەخالەتی ئەشقیا و یاخییەکانی باس بکرێت تا وەڵامی ئێمەش بدرێتەوە[٨٧].)

ئەم نووسراوە کە بۆ پادشای عوسمانی نێردراوە، یاوەری پاشا بە پەراوێز لەسەر نووسراوەکەی نووسیوە کە نەبەخشینی ئەو هەمەوەندانە لە شان و شکۆی پادشا ناوەشێتەوە و بڕیار دەدەن بە مەرج وەریان بگرنەوە. مەرجەکەیش نیشتەجێکردنیانە لە شوێنێکی دوور. (هەرچەند لەو تەلەگرافنامەیەدا دەخالەت و پەشیمانبوونەوەی فەقێ قادری یاخی و بێکەڵك و دوو سەد کەس لە پیاوانی وی پەیوەستە بە وەڵامی ئێمەوە و قبوڵنەکردنی ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵداوەتە بەر قاپی جەنابی سەڵتەنەتی سەنییەوە موافیقی شان و شکۆی عالیی نییە، بۆیە وا گونجاوە هەر کەسێك لەناو هەمەوەندییەکانەوە بۆ لای ئێمە بێ با لە هەرێمی دوورەوە نیشتەجێ بکرێ. بەگوێرەی ئەو بڕیارە هەر کەسێکی یاخی و ناوهاتوو لەو عەشیرەتە، کە داوای دەخالەت دەکات، با دەخالەتی قبوڵ بکرێت[٨٨]).

## دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان

هەمەوەندەکان لە هەموو ئەو تێکهەڵچوونانەیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا، ڕووبەڕووی ئاوارەیی و دەربەدەریی بوونەتەوە، زۆربەی جاران عوسمانییەکان دەستیان بەسەر موڵك و ماڵی ئەواندا گرتووە و جاری وا هەبووە لەو موڵك و ماڵە هەوڵیانداوە بڕە مووچەیەك بۆ هەندێکیان دابین بکەن و جاری وایش هەبووە زەوی و زار و ماڵات و وڵاتیشیان فرۆشتوون.

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە، دوای ئەوەی عوسمانییەکان بڕیاری دوورخستنەوەی هەمەوەندەکان دەدەن، وەك ئەوەی ئیدی یەکجارییە و تا هەتا گەڕانەوەیان بۆ نییە، بۆیە بە ڕاشکاوییەوە ئاژەڵ و زەوییەکانیان دەخەنە زیادکردنی ئاشکرا و دەیانفرۆشن. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٠٥/١٢/٨ی کۆچیی (دەکاتە بەرامبەر ١٨٨٨/٨/١٦ی میلادی) لەسەر نووسراوە، فەرمانگەی ناوخۆی بابی عالی نووسراو بۆ سەدارەت دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە ساڵێك لەمەوبەر لە کاتی گەمارۆدانی هەمەوەندەکان ئاژەڵەکانیان دەستی بەسەردا گیرابوو و ئەو ئاژەڵانە بە موزایەدە فرۆشراون. (تەزکیرەی سامییەی سەدارەتپەنا کە بە بڕیاری نوێنەرانی ئەنجومەنی تایبەت لە بواری گرتنی ئەو ئاژەڵانەی کە لە کاتی گەمارۆی هەمەوەندییاندا وەك دەستکەوت دەستیان بەسەرداگیرابوو و بە موزایەدە فرۆشرابوون، جا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەمر و ئیشعارە لە یازدەی ئابی ساڵی ١٣٠٣ی ڕۆمیدا بۆ ویلایەتەکانی بەغدا، مووسڵ و بەسرە وەك تەبلیغ نێردرابوو[٨٩]).

زەوی و عەردی هەمەوەندییەکانیش بوونەتە جێی سەرنجی دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵیان داوە ئەوەی بکرێتە کشتوکاڵ، دەوڵەت خۆی سەرپەرشتی بکات و ئەوەی کە بۆ کشتوکاڵیش نەشێ، بیفرۆشن. بۆیە بە ئاگاداریی سەنجاقی سلێمانی و ویلایەتی مووسڵ ئەو زەوییانەی بۆ کەڵکی کشتوکاڵی نایەن و هی هەمەوەندییە دوورخراوەکانن بە نرخی ٥٨٤٥٠ قرووش فرۆشتوویانن. (لە ئەنجامی موتاڵای ئەو نووسراوەی کە ئەم جارە بە هاوپێچ لەلای ویلایەتی پایەبڵندی مووسڵەوە ڕوون کرابوویەوە، ئەو زەوی و عەردانەی کە لە بن ئەرکداری و وەزیفەداری فەقێ قادر و ئەحمەد هەمەوەندی ناوهاتییەوە دان، بە کاری کشتوکاڵ نایەن. ئەو زەوییانەی کە نرخەکەیان بە ئەندازەی ٥٨٤٥٠ قرووشە و هی هەمەوەندییە دوورخراوەکانە و ماون و بە شێوەیەکی باش و گونجاو فرۆشراون. ئەمەش لەلایەن موتەسەریفی سلێمانییەوە ڕوون کراوەتەوە و بەیان کراوە[٩٠]).

دیارە نووسراوەکەی ویلایەتی مووسڵ دوو مانگ پێش ئەو نووسراوەی سەرەوە بووە و جەختی لەوە کردۆتەوە کە دەبێ زەوییەکانی فەقێ قادر و هەمەوەندییەکان بەباشیی بفرۆشرێنە کریارەکان و لەو بارەوە داوای بۆچوونی سەدارەت دەکات سەبارەت بەو داگیرکردن

٨٧ - MV__٠٠١٦_٠٠٠٧٣_٠٠١_٠٠٢

٨٨ - MV__٠٠١٦_٠٠٠٧٣_٠٠١_٠٠٢

٨٩ - MMS__I__٠١٠١_٠٠٤٢٥٧_٠٠٢_٠٠١

٩٠ - MMS__I__٠١٠١_٠٠٤٢٥٧_٠٠٢_٠٠١

و فرۆشتنانە. (لە نووسراوی موتەسەریفیی مووسڵ دا بەیان کراوە کە زەوییەکانی بازیان و وانقولو کە بە تاپۆ لە ئەستۆی فەقێ قادر و ئەحمەدی عەشیرەتی هەمەوەندینە و کشتوکاڵیان تێدا نەکراوە و ئەو زەوییانەی کە نرخەکەیان بە ئەندازەی ٥٨٤٥٠ قڕووشن و لە ئەستۆی ئەشقیا و یاخیبووەکانی هەمەوەند دان و لەبەر ئەوەی ئەو هەمەوەندییانە بۆ هەرێمێکی تر دوورخراونەتەوە، پێویستە ئەو زەوییانە بە شێوەیەکی باش بفرۆشرێتە کڕیارەکانیان[91]).

هەموو ئەو داواکارییانە کە لە ویلایەتی مووسڵ و لەشکری شەشی هومایۆنەوە بۆ سەدارەت بەرزکراونەتەوە، سەبارەت بە فرۆشتنی ئەو زەوی و زارانە، دواجار سەدری ئەعزەم وەڵامێکی گشتی دەداتەوە، بەوەی کە چ شتێك لە خزمەتی شان و شکۆی دەوڵەتە ئەوە بکەن (بە چ شێوەیەك ئیرادەی سەنییەی ملووکانەی شەرەفصدوور ببێتە حوکمێکی بە شکۆ، بەو شێوەیە بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت[92]). لە پەراوێزیشدا ئۆفیسی سوڵتانی عوسمانی ئەوەی نیشان داوە کە ئەو نووسراوە گەیشتۆتە دەستی سوڵتان و ئەویش قایل بووە. (کار لەسەر ئەو تەزکیرەی سامییەی سەدارەتپەنا کە لەگەڵ هاوپێچەکانی گەیشتۆتە دەستی پیرۆز و بۆچوونی پایەبڵند [ مەبەست پادشای عوسمانییە[، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە بەگوێرەی ڕەزامەندیی پەیوەستی ئیرادەی سەنییەی بە شەڕەف و حەزرەتی خیلافەتپەنایە[93]).

ڕەزامەندیی هەموو ئەو لایەنانە وا دەکات کە بابی عالی فەرمانی تایبەتی بۆ دەربکات، فەرمانەکە مێژووی ١٣٠٦/١/٢ی کۆچی [ کە دەکاتە ١٨٨٨/٩/٨ی زایینی[ لەسەرە، تێیدا هاتووە کە ئەو زەوییانەی (بازیان) و (وانقولو) کە لە بن سەرپەرشتی فەقێ قادر و ئەحمەدی هەمەوەندین بۆ کشتوکاڵ ناشێن و بە نرخی ٥٨٤٥٠ قڕووش گونجاون کە بفرۆشرێن، با بدرێنە ئەوانەی داوای دەکەن. لەبەر ئەوەی (کە بۆ ئابڵووقەدان و دەورگرتنی هەمەوەندییان لە هەرێمی ناوبراو و لەلایەن دەوڵەتەوە زۆر خەرجی کراوە، بە بڕوای ئێمەش دەشێ زەوییەکانی ناوهاتوو بفرۆشرێتە داواکاران کە بەشێك خەرجیی باسکراوی لێ دەربهێندرێت بۆ ئەو هەمەوەندییانەشی ئابڵووقە دراون لە شوێنی ئابڵووقەدانەکە زەویی گونجاویان پێ بدرێت[94]).

لێرەدا دەردەکەوێت کە بەشی زۆری زەوییەکان لەسەر ناوی فەقێ قادر بووە و تاپۆشیان هەبووە و تاپۆیەکەش بە ناوی ئەو بووە. عوسمانییەکان دوای داگیرکردنیان بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا فرۆشتوویانە. پاساویشیان ئەوە بووە کە ئەو ئابڵوقەدانەی ماوەیەکی خایاندووە، خەرجیی زۆری ویستووە، بۆیە دەیانەوێ هەر بە پارەی ئەو زەوییانە خەرجیی خۆیان دەربهێنن. لە لایەکی تر دەرخەری ئەوەیە کە لەو مێژووەدا فەقێ قادر دوورخراوەتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدرێ کە بۆ چ شوێنێك دوورخراونەتەوە. بەڵام دەستبەسەرداگرتنەکە و فرۆشتنی زەوی و زارەکە بە مانای ئەوەیە کە ئیتر تا هەتایە فەقێ قادر و هاوەڵەکانی نابێ بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

ئەم فەرمانەی کۆتایی کە لە بابی عالییەوە دەرچووە، ئیمزای هەر یەکە لە وەزیری دەرەوە، وەزیری ناوخۆ، وەزیری دەریا، سەرعەسکەر، شوورای دەوڵەت٩٥، شێخولئیسلام٩٦، سەدری ئەعزەم، ئامەدی دیوانی هومایۆن، ڕاوێژکاری سەدارەت، وەزیری مەعاریف٩٧، وەزیری بازرگانی، وەزیری ئەوقاف، بریکاری وەزیری دارایی و وەزیری دادی پێوەیە. ڕەنگە هەر ئەوە و فەرمانی تر بێ وای کردبێ کە فەقێ قادر لە شیعرێکیدا هێرش بکاتە سەر بەشێك لە بەرپرسانی ئەوسای عوسمانی، لەبەر ئەوەی چەند جارێك فەرمانی بەسەردا سەپێنراوە، چ زیندانیکردن یان دوورخستنەوە و دەربەدەری، هەر وەك دەڵێ:

---

٩١ - MMS__I__٠١٠١_٠٠٤٢٥٧_٠٠٣_٠٠١

٩٢ - MMS__I__٠١٠١_٠٠٤٢٥٧_٠٠٤_٠٠١

٩٣ - MMS__I__٠١٠١_٠٠٤٢٥٧_٠٠٤_٠٠١

٩٤ - MMS__I__٠١٠١_٠٠٤٢٥٧_٠٠١_٠٠١

٩٥ - شوورای دەوڵەت Şûrâ-yi Devlet: ئەم فەرمانگەیەی کە لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی بەرامبەر ١٨٦٧ی زایینی دوای هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی والا دروستکرا، کە مەزنترین ئەنجومەن یان مەجلیس بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. ئەم فەرمانگەیە تایبەت بوو بە کاروبارەکانی تەندەر و بەڵێندەرایەتی پڕۆژەکانی حکومەت و دادگایی فەرمانبەران، کاروباری خانەنشینی، وردبینی، هەموو ئەو دادوسکاڵای ناکۆکییەکانی نێوان حکومەت و کۆمەڵگە، هەروەها زۆر کاروباری دیکە لەم فەرمانگەیە جێی دەکرایەوە. ئەنجومەنی شوورا لەچەند لیژنەیەك پێك دەهات، لەوانە: تەنزیمات، دارایی، سیاسەت، مەعاریف، ئەشغالی گشتی، هەیئەتی گشتی، دادگای تەمییز، دادگای ئیستیئیناف (تێهەڵچوونەوە)، دادگای بەرایی. ئەم ئەنجومەنە تا کۆتایی دەستەڵاتی عوسمانییەکان هەر کارا بوو. بڕوانە (سهیل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانیة التاریخیة).

٩٦ - شێخولئیسلام Şeyhü'l-İslâm: بەرزترین پایەی ئایینی بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، کە بەرپرس بوو لە دامەزراندنی قازییەکان و لەسەرکارلادانیان و سەرپەرشتی دەرسگوتنەوە و مەدرەسەکان و دەرکردنی فتوای شەرعی دەکرد. ئەم نازناوە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمی زایینییەوە بەکارهات دوای ئەوەی بە موفتی ناودەنرا. سەرەتا هەڵبژاردنی شێخولئیسلام لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی، هەتا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو. بڕوانە (سهیل صابان، المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانیة التاریخیة).

٩٧ - لە جێی وەزیری پەروەردەی ئێستایە.

والیی موخەننەس، قوماندار ئەحمەق
شێخ عەلی خائیف «دەفتەردار» سەرشەق

«قازی» بەدعەمەل، «موفتی» بێکارە
«ڕوشدی» بەیگ بێ ڕوشد، «ئەرکان» پەتیارە

«موددەعی عومووم» زەرفش خاڵییەن
«ڕەئیسی جەزا» لائوبالییەن

غەیرەز خوداوەند فەرد فەریادڕەس
حەرف «خەیر» ئەسڵەن نیەن جە لای کەس[98]

## فەقێ قادر لە ڕۆژنامەیەکی عوسمانیدا

زۆر جار ئەوەنـدەی ڕۆژنامـەکان مێژووییـان تێـدا پارێـزراوە، ئەوەنـدە بەڵگەنامـە لـەو بـارەوە دەسـت ناکەوێـت. فەقـێ قـادر و جووڵانەوەکەیشـی بوونەتـە بەشـێك لـە هەواڵـی ڕۆژنامەکانـی ئەوسـا و بـۆ ئێسـتای ئێمـە وێسـتگەی گرنگـی مێژوویـین، بەتایبەتـی لـە دیاریکردنـی ڕۆژ و مانـگ و سـاڵەکان. دوای ئـەوەی ڕامانگەیانـد کـە نزیـك ٢٥ سـاڵ لەنێـوان شەسـتەکان و هەشـتاکانی سـەدەی نـۆزدە بەڵگەنامـەی ئەوتـۆ لەبـارەی فەقـێ قـادرەوە نیـن، بـەڵام لـە ڕۆژنامەکانـدا تـاك و تـەرا لـەو نێوانـەدا هەواڵـی فەقـێ قـادر دەبینرێـن.

لـە ڕۆژنامـەی (وقـت)ی ڕۆژی ١٠ی ڕەمەزانـی سـاڵی ١٢٩٨ی کۆچـی بەرامبـەر ١٨٨١/٨/٥ی زایینـی لـە سـتوونێکدا بـە نـاوی (نامەیـەك لـە بەغـداوە) بـاس لـەوە دەکات کـە لـە بەغـدا پەتایـەك هەیـە و لەگەڵیشـیدا کێشـەی هەمەوەنـدەکان هەیـە کـە فەقـێ قـادر ڕابەرایەتیـان دەکات و ئـەو خـۆی ڕادەسـتکردۆتەوە و بەڵێنـی داوە کـە ئیـتر نەڕواتـەوە سـنوورەکانی ئێـران[99].

ئەمـە مانـای وایـە کـە فەقـێ قـادر لـەو مێـژووەدا خـۆی ڕادەسـتی عوسـمانییەکان کردۆتـەوە. جگـە لەمەش لـە چەنـد ژمارەیەکـی ڕۆژنامەی (زوراء) لەسـەر هەمەوەنـدەکان و جوڵانەوەکانیـان هـەواڵ و بـاس و خـواس هەیـە و بەجیا شایسـتەی لێتوێژینەوەیە.

### کرۆنۆلۆژیای بەشێك لە ژیانی فەقێ قادر

١٨٥٩، فەقێ قادر و بەشێك لە یاوەرانی لە (قارەمان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن.

١٨٥٩ فەقێ قادر دەست بە دانوستان دەکات لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و نامەیان بۆ دەنووسێت.

١٨٦٠/١٠/٢ فەرمانی باڵای عوسمانی تێیدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە فەقێ قادر داوای هاتنەوە بۆ خاکی عوسمانی دەکات.

١٨٦١/٤/١ فەرمانی دانی مووچە بە فەقێ قادر و دوو لە هاوەڵانی.

١٨٦١/٨/١٦ فەقـێ قـادر پێچەوانـەی بڕیارەکـەی دەوڵەتـی عوسـمانی، لەنێـو شـاری کەرکـووك نیشـتەجێ نابێـت و دەچێتـە دەرەوەی شـارەکە و لـە باکـوور لـە گونـدی یاروەلـی نیشـتەجێ دەبێـت.

١٨٦٧/١١/٤ لـە نامەیەکـی مەسـڵەحەتگوزاری تـاران، ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە فەقـێ قـادر لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد مەعـرووف سـلێمانیەلی لـە بەغـدا هەڵاتـوون و هاتوونەتـە کرماشـان، لـە کرماشانەوە فەقـێ قـادر دەچێتـە لوڕسـتان لای حوسـێن قولـی خان.

٩ / ٧ / ١٨٦٨ فەقـێ قـادر و سـێزدە کـەس لـە هاوەڵانـی کـە بـۆ ئێـران ڕایانکردبـوو، لـە کەرکـووك خۆیان ڕادەسـتی دەسـتەڵاتی عوسـمانی دەکەنەوە.

---

٩٨ - کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، ل ٢١٨.

٩٩ - Vakit Gazetesi, Bağdad'dan Mektub, sayı: ٢٠٨٣, (١٠ Ramazan ١٢٩٨/٠٥ Ağustos ١٨٨١).

١٨٧٢/٤/١٠ لە نووسراوێکدا ئاماژە بەوە کراوە فەقێ قادر و هاوەڵەکانی لە شەڕێکی سەختدا بوون و داوایان کردووە کە خۆیان ڕادەستی عوسمانییەکان بکەنەوە.

١٨٨٠ زیندانی بووە لە بەندیخانەی کەرکووک.[١٠٠]

١٨٨١ لە هەمان بەندیخانەدا بووە.

١٨٨١/٨/٥ ڕۆژنامەی (وقت) باس لەوە دەکات کە فەقێ قادر خۆی بەدەستەوە داوە.

١٨٨٢ لە بەندیخانەی کەرکووک بووە.

١٨٨٣ لە هەمان بەندیخانەدا بووە.

شوباتی ١٨٨٥ هەر لە بەندیخانەدا بووە.

١٨٨٦/١/١٤ فەقێ قادر لە بنکوڕە بووە لە نزیك خانەقین.

مانگی ١٠ی ساڵی ١٨٨٦ فەقێ قادر و هاوەڵەکانی دوای شەڕێکی زۆر لەگەڵ دەوڵەتی قاجار، بەرەو چیاکانی سنوور دەچن.

١٨٨٦/١٠/٣٠ فەقێ قادر و هاوەڵەکانی هەوڵ دەدەن بچنە لای حوسێن قولی خان ی والیی لوڕستان.

سەرەتای ساڵی ١٨٨٧ فەقێ قادر داوای هاتنەوە بۆ خاکی عوسمانی دەکات.

١٨٨٧/٢/٨ فەقێ قادر و دووسەد کەس لە هاوەڵانی خۆیان ڕادەستی عوسمانییەکان کردۆتەوە.

مانگی ئادار و نیسانی ساڵی ١٨٨٧ فەقێ قادر لە بەندیخانەی مووسڵ بووە.

مانگی ئەیلولی ١٨٨٧ فەقێ قادر لە بەندیخانەی مووسڵ بووە.

١٨٨٨/٩/١٢ فەقێ قادر دوورخراوەتەوە (واتە هەر لە زیندان بووە) و زەوییەکانیان بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێن.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- فەقێ قادر لە کاتی ڕادەستبوونەوەی بە عوسمانییەکان و کاتی دانوستان لەگەڵیان، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە خۆی و هاوەڵەکانی بگەڕێنەوە سەر زەوی و زار و زێدی خۆیان، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جار گوێڕایەڵی ئەو بڕیارانە نەبووە بۆ نیشتەجێکردنیان لە شوێنی دوور و بێ پرسی عوسمانییەکان لە زێدی خۆی نزیك بۆتەوە.

- فەقێ قادر لە دانوستانەکەدا دوازدە بەند دەنووسێ و بەرپرسانی عوسمانییش دەگەنە ئەو ڕاستییە کە مانەوەی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان لەسەر سنوور زیانی بۆ ئاسایشی وڵات هەیە و، ناچار دەبن کە بڕیاری لێبوردنیان بۆ دەربکەن و بیانگەڕێننەوە نزیك ناوچەکانی خۆیان.

- لەبەر مەترسی هەمەوەندەکان، عوسمانییەکان نایانەوێ هەموو ئەو هەمەوەندە گەڕێنراوانە لە نزیك یەکتر نیشتەجێ بن، بۆیە پێشنیاز دەکەن کە لە سنووری قەرەتەپە، هەولێر، سلێمانی و خانەقین بە پارچە پارچە نیشتەجێ بکرێن و دەورەیان بگیرێت لە شێوەی کەمپی ئێستادا، بۆ ئەوەی لانی کەم ئاگاداری یەکتر نەبن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بپچڕێت.

- لە دەوروبەری ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی بەرامبەر ساڵی ١٨٦٠ی میلادی، هەمەوەندەکان بە سەرکردایەتی فەقێ قادر ڕووبەڕووی زۆر تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی و دەربەدەری بوونەتەوە و فەقێ قادر ئامانجی بووە کە؛ بە ئاشتییەوە بگەڕێنەوە سەر زێد و موڵك وماڵەکانیان و تەنانەت بەشێك لە چەکەکانیشی تەسلیم دەکاتەوە.

- دەوڵەتی عوسمانی بەباشی زانیوە بۆ ئەوەی لە ماوەی نیشتەجێکردنی فەقێ قادر و هەمەوەندییەکان هیچ گرفتێك

---

١٠٠ - مێژووی زیندانییەکە لە دیوانەکە وەرگیراوە، کە لە ڕێی دانانی هەندێ لە شیعرەکان، ئاماژەی بە مێژووی نووسینەکە و زیندانەکە کردووە. بەڵام مێژووەکانی تر لە ڕووی بەڵگەنامەکانەوە نووسراوەتەوە.

نەیەتە کایەوە، یارمەتییەکیان بۆ بڕێتەوە تا فەقێ قادر و هەمەوەندەکان ئاشت بکاتەوە و ببێتە هۆکاری ئەوەی ئەوان واز لە سەرکێشی و بەرهەڵستکاریی خۆیان بێنن، بۆ ئەو مەبەستە دوو هەزار قڕووش تەرخان دەکات، ١٥٠٠ قڕووش بۆ فەقێ قادر و ٥٠٠ قڕووشیش بۆ کوڕانی عەزیز خاڵە بڕیاری بۆ دەردەچێت. هەر کاتێکیش دەوڵەت زانیبێتی ئەوان دەبنە سەرئێشە، یەکسەر مووچەی بڕیون.

- دەوڵەتی عوسمانی بە بڕیارێکی ڕەسمی بڕیار دەدات کە فەقێ قادر و بنەماڵەکەی لە گەڕەکێکی شاری کەرکووك نیشتەجێ بکات، بەڵام فەقێ قادر بەو بڕیارە پابەند نابێت و دوای ساڵێك دەسەڵاتی عوسمانی بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ناوبراو پابەند نەبووە و، لە باکووری شارەکە لە گوندی (یاروەلی) نیشتەجێ بووە. لەوەوە بۆیان دەردەکەوێت کە بەرپرسانی ئیداریی شارەکە ناکۆکییان هەیە و نەیانتوانیوە بەسەر فەقێ قادر و هەمەوەندەکان زاڵ بن.

- عوسمانییەکان هۆکاری مانەوەی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان لەسەر سنوور لەو ماوەیەدا بۆ هاوکاریی و پشتیوانی عەشیرەتە کوردەکان دەگێڕنەوە، بێ ئەوەی ناوی هیچ عەشیرەتێك بهێنن.

-فەقێ قادر لەگەڵ شێخ ئەحمەد مەعرووفی سلێمانی لە بەغداوە بەرەو کرماشان هەڵدێن و لەوێ بە هاوکاریی حاکمی زەهاو و پاشان حوسێن قولی خانی والیی لوڕستان لەشکرێك بۆ فەقێ قادر پێك دێنن و یارمەتی زۆریان دەدرێ بۆ هێرش بردنە سەر عوسمانییەکان، دواتر عوسمانی و ئێرانییەکان هەماهەنگ دەبن بۆ ئەوەی مەترسییەکانی فەقێ قادر و هاوەڵەکانی لەسەر سنوور کەم بکەنەوە.

- فەقێ قادر دوای نائومێدبوونی لە مانەوەی لە بن دەسەڵاتی قاجارییەکان بەگشتی و بەتایبەتیش ناوچەی کرماشان، هەوڵی ئەوە دەدات پەنا بباتە بەر حاکمی لوڕستان و دواتر لە سنوور لە شەڕێکدا بریندار دەبێ و ئەنجا ناچار دەبێ خۆی ڕادەستی عوسمانییەکان بکاتەوە.

- دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری ڕاگواستنی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان دەدات، لە هەمان کاتدا دەست بەسەر موڵك و ماڵ و زەوی و زاریاندا دەگرێ و دەست بە فرۆشتنیان دەکات.

- جوڵانەوەکەی فەقێ قادر و هەمەوەندەکان لەو سەردەمەدا بۆتە مانشێتی ڕۆژنامەکانی ئەوسای عوسمانی و هەواڵی ڕاگواستن و پاشان هەڵاتنیان و گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان عوسمانییەکانی سەرسام کردووە و وێڕای ئەوەی نەك هەر لە خاکی دەرو دراوسێ، بەڵکو بۆ یەمەن و تەرابلوسی ڕۆژئاواش ڕاگوێزراون، کەچی لەو دوورەوە بەشێکیان گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان.

- دەوڵەتی عوسمانی لە گرتنی فەقێ قادر و هاوەڵانی بێهیوا بووە و لە ڕێی باڵیۆزەکەی لە تاران هەماهەنگی لەگەڵ ئێران کردووە بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك بێت فەقێ قادر و هەمەوەندەکان لە خاکی ئێران وەدەربنێن.

- فەقێ قادر لە سۆنگەی ئەوەی چەند جاری تر گەڕاوەتەوە بن دەسەڵاتی عوسمانی، بەڵام باوەڕی بە بەڵێنەکانیان نەبووە، بۆیە مەرجی دواگەڕانەوەکەی نووسراوی ڕەسمیی بابیعالی یان والیی بەغدا بووە. ئەمەش هۆشیاریی و لێزانی فەقێ قادر لە ئاست نەیارەکانی نیشان دەدات.

### سەرچاوەکان

### کتێبی کوردی

حسێن نازم بەگ، مێژووی میرایەتی بابان، وەرگێڕانی حسێن حەسەن کەریم و سدیق ساڵح، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٣.

عەلادین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٢.

محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی و وەڵاتی، ئامادەکردنی ڕەفیق صالح، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، سلێمانی٢٠٠٥.

کەریم ئاغای هەمەوەند، هۆزی هەمەوەند و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی ١٧٨٧- ١٩١٨، کەرکووك ٢٠١٠.

مێجەرسۆن، گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، وەرگێرانی مینە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٨.

فەقێ قادری هەمەوەند، کۆمەڵە شیعر، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم کۆیان کردووەتەوە و ڕاستیان کردووەتەوە و فەرهەنگۆکیان بۆ ئامادەکردووە، ئامادەکردنەوە و ڕێکخستنەوەی کاروان عوسمان خەیات، بڵاوکراوەی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠٢١، ل ٢١٨.

**کتێبی عەرەبی:**

سى. جى. أدمونز، كرد ترك و عرب، ترجمة جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، منشورات الجمل، ط١، ٢٠٠٢.

سهيل صابان، المعجم الموسوعى للمصطلحات العثمانية التاريخية، مكتبة الملك الفهد الوطنية، الرياض، ٢٠٠٠.

عباس العزاوى، اربل فى مختلف العصور، اللواء والمدينة، راجعه وعلق عليه وقدم له محمد على القرداغى.

بە فارسی:

على اكر دهخدا، لغت نامه دهخدا، چاپ ١٣٤٢،

بە تورکی:

Azmi AYCAN, Osmanlı’da devlet-aşiret ilişkileri: Hemvend örneği (1876-1918), yüksek lisans tezi, marmara üniversitesi, 2017.

Ebubekir CEYLAN, Namık Paşa’nın Bağdat Valilikleri, Toplumsal Tarih ,186 Haziran 2009.

Vakit Gazetesi, Bağdad’dan Mektub, sayı: 2083, (10 Ramazan 1298/05 Ağustos 1881).


http://www.osmanlicasozlukler.com/osmanlica-sozluk-madde-37043.html

## بەڵگەنامەکان


### بەڵگەنامەی عوسمانی:

A{.MKT.NZD00105.00068.001.
A{.MKT.MHM00415.00083.002.
A{.MKT.MHM00171.00061.003.
A.MKT.MHM
BEO.001668.125027.001
DH_MKT_01370_00059_001_001
DH.MKT.02435.00107.001
HR.TO, 104-65 .
HR.MKT00741.00004.002.
HR.TO00392.00040.001.
HR.TO00104.00064.001.
HR.MKT00600.00077.002.
HR.MKT.(00688.00095.010.
I_MMS001_001_004257_0101_
I_MMS_0101_004257_002_001
I_MMS_0101_004257_003_001
I_MMS_0101_004257_004_001
i.DH.00436
i.DH.01168
İ.MMS.0016
MV_00016_00073_001_002
MV_00055_00012_001_002
MV.0015
MVL_00759_00069_002_001
MVL_00759_00069_003_001
MVL_00759_00069_004_001
MVL_00759_00069_005_001
MVL_00759_00069_008_001
Y..PRK.BŞK. 0012.00046.001
Y.A.RES, 35-10, S 2, 3, 4 , 5.
Y_A_HUS_00202_00017_002_001
Y_A_HUS_00202_00017_001_001
Y.PRK.ZB.00004.00009.005
ŞD.00273.00071.001

## نموونەی وێنەی هەندێ لە بەڵگەنامەکان:




DH.MKT.01370.00059.001



OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI ©

باب عالی

مجلس مخصوص


هموندلودن حین تعقیبده اخذ ایدلسه و بالمزایده فروخت اولنسه اولان حیوانات اثمانک سوقیات وتعیینات مصرفلرینه قارشولق طوتلمسی حقنده سبق ایدن
قرار وتبلیغ اوزرینه موصل ولایتندن وارد اولوب داخلیه نظارتنک تذکره سیله برابر ... قرائت اولنان تحریراتده هموندلودن فقه قادر بک
...
هوادثی باتذکره مذکور تذکره مخصوصه عرض وتقدیم قلنمشدر ...

۲۸ محرم


| خارجیه ناظری | داخلیه ناظری | بحریه ناظری | سرعسکر | شورای دولت رئیسی | شیخ الاسلام | صدر اعظم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| آمدی دیوان همایون | صدارت مستشاری | معارف ناظری | تجارت و نافعه ناظری | اوقاف همایون ناظری | مالیه ناظری وکیلی | عدلیه ناظری |

i. MMS-101/4257


İ.MMS.00101




MVL.00759.00069.002





MVL.00759.00069.003




MVL.00759.00069.008

T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)



٩

(١)

باب عالی

دائرهٔ صدارت عظمی

تلغراف وطه‌سی

عدد

موصلده بولنان میرزا اسماعیل حقی افندی‌دن حضور سامی جناب صدارتپناهی‌یه مبعوث تلغرافنامه‌نک حلی

٥٠ ... سنه‌سنده هموند اشقیاسنک دردستلری خصوصنده برقاچ جریده عسکر شاهانه وضابطهٔ عسکریه رفاقتلریله بر مقدار عشایر
اللوسی سوق وتعقیباته کرمی تام ویرلدیکی عصره ابدلشیدی بولوندیغی کونه قدر اشقیای سائره‌دن بشقه دردست ایدیلوب
شهرزورده تحت توقیفده بولندیریلانلرک مع عائله مقداری درتیوز یکرمی بش نفره بالغ اولمشدر توقیفخانه‌نک کفایتسزلکی
منی بو اراده قالملری ازهرجهت محذوردن سالم اولمیه‌جغندن ایلروده بالاستیذان شرف‌متعلق ایده‌جک ارادهٔ جلیلهٔ فخیمانه‌لری
موجبنجه لازم کلانلری محللرینه سوق ایدلمک اوزره جملسنک محافظه‌سیله موصل توقیفخانه‌سنه نقل ایدلملرینه دیوان عرفیجه
قرار ویرلمسی واولوجهله معطل ایفاسی دردست بولنمشدر شدیلک بو حوالیده اون‌بش ویاخود یکرمیشردن عبارت قالان
وفقیه قادر ایله احمد سلیمان ومحمود خضرک رفاقتلریله طولاشان هموندلرک بتمه کشیدن عبارت بولندیغی تحقق اولنور
رؤسای مرقومه‌نک عجزلرینه شدتیه قدر دخالتلری ووقوعبولمیوب حتی بونلردن فقیه قادر ایله احمد سلیمانک مغاره‌لرده
صاقلانمقده اولدقلری فامیلیالری خلقیله بعضه قراشچلری نزدلرنده اختفا ایتدیردکلری اغنامیلری تحقیقات وتحریات
واقعه ایله الده ایدیلرک کرکوکه کتورلمک اوزره بولنمشلردر بونلرک دردستلری خصوصنه کیجه کوندز اقدام ایدلمکده
مهوب سایهٔ قدرتوایهٔ حضرت پادشاهی وتوجهات جلیلهٔ فخیمانه‌لریله قریباً الده ایدیله‌جکلری مأمولدر کرمانشاه حاکمی
حسام الملک حضرتلری قصر شیرینه معاودت ایلدکلری جهتله اوراده بولنان هموند رؤساسندن قره‌جه بوقدرینی برابرجه
کرمانشاهه کتوردیکی لدی التحقیق اکلاشلمشدر بونلرک وسائر طولاشقده بولنانلرک بزه تسلیمی وتضییقات تعقیبات
اوزرینه اشقیانک اورایه کچملرینه محل قالماق اوزره متصرفه بولنملری ایجون لازم کلنلره تبلیغات مقتضیه ایفاسی معروضدر

١١ [illegible]

مأمور اکرم ومأمور اصلاحات
میرزا اسماعیل حقی

Y.A.HUS 202/17

2

Y.A.HUS.00202.00017.002

## EXTENDED ABSTRACT

The history of Kurdish princes ,their emirates ,their internal and external conflicts ,the factors of their reinforecment ,their weakness and even their demise have rarely been recorded .Even after the removal of these tribesmen from power when previously ,they were less clearly reflected inside the emirates .Therefore ,after their principalicty ,the stage is defined more specifically to reduce and minimize the Kurds in the status of tribes and families .Consequently ,their struggles were aimed more to hold on power in the affinity of poweful forces like Ottomans and Qajars .It is for this reason ,most of the archival documents about the Kurdish tribes and their political states of Kurdistan of the time can be obtained from the archives of these two states.

The purpose of this research is to improve and correct some historical aspects through paying attention to an intellectual ,poetic ,and leadership personal of of that period .Yet ,little has been known about this figure ,whats known is only available through oral retelling of his productions and his oral history .This great person of the nineteenth century poetry is called Faqe Qadre Hamawandi .When talking about this personality ,we attempt to uncover part of his biography in relation to his tribe ,and those political events which are related to his life and tribe .Therefore ,in recording the history of a spesific period ,we need to verify the biography and memoir of some characters ,particularly of those who have had great and impressive roles in their history life and their community .Then ,they had their influence and impact within their national history.

Recording the history of Kurdish tribes and clans through oral retelling of history is a producitve attempt ,especially ,during those past few years ,there has been some attempts of this sort .This would later undoubtedly become a base and useful foundation for writing the history of the people and the nation .What is more imprtant in this respect ,is to access the information of orientalists and travellers ,even if their recorded history were sometimes incorrect and they recorded such histories for certian objectives ,but ultimately it would become a good and rich resource of history for a necessitous nation .More significant than these two serources ,that is to say ,a main support for these two resources is the countries archival documents on Kurds .Hitherto ,comparing to other nations ,the Kurds were unable to re-write and ractify their history systematically through making use of the archives of other countries .In this respect ,it is believed that both the Ottoman and Iranian archives for the seventeenth ,eighteenth and nineteenth centuries are considered very rich and fruitfull .If they are exploited scientifically and subjectively ,the Kurds can amend and re-write the history in better ways.

The aim of the research is not to portray Faqe Qadre as a poet ,though he was one of the poets of the middle and late nineteenth centure whose life and part of his poetic productions have been published .Nevertheless ,little has been written about his social life and his tribal moevments .The research sheds a light on his movements and activities ,particularly ,within the thirty-year of his tribal chieftain and his confrontations against both Ottoman and Qajar states as well as other events happened to him .On the one hand ,these are unrecorded history of this Kurdish personality ,it will also help us to understand the aim of some of his poetic texts ,on the other hand .Although ,the documents utilized in this research are part of these documents which are related to Faqe Qadre in the Ottoman archives, there are certainly  more resources and documants about that ,especially ,when it has been difficult to get use of all those thousands of documents on Kurdish Hamawand tribes .More or less ,some of these documents are relevant to Faqe Qadre as Hamawand cheiftain and those events in which he had a great role.

The researcher ,in the prespective of the documents ,attempted to use a simple language to focus on hidden parts ,little known facts of the Faqe Qadre's life and his political role he had played as a chieftain of his tribe .In order to make it certain or to verify the information of these documents ,the researcher has depended on some other resources such as oral history ,other historical refrences of

historians and oreintalists .This way has been used ,so as to make readers interpret the history of Faqe Qadre and his tribe in both perspectives .In this regard ,many aspects of the poet's life and Kurdish cheiftain tribe are released through these documents .This will also trigger more discoveries about those thousands of documents on Kurdish Hamawand tribes in Ottoman archives .This will also in turn consolidate the history of literature ,the history of administrative and social life of the community and finally ,it will broaden the academic and research field in the community .It is hoped that such researches about poets and other scholars through Ottoman archives will pave the way for more studies and become a habit to enlighten the hidden parts of that history.